پڕۆژەی بەلگەکردنی کۆمەلکوژی ئێزیدیان - زنجیرەی (19)

# تاوانەکانی داعش
# لە چوارچێوەی بژاردەکانی دادگایی کردن و گرنگی ئەرشیفکردن دا

کرمانج یونس عوسمان

2021

## ئەم زنجیرەیە

ئامانج لێی پاراستن و دکیۆمێنتکردنی ئەو تاوانە قێزەون و پێشێلکاریە گەورانەی مافي مرۆڤە کە پەیرەوانی ئاینی ئێزدی ئاشتیخواز لە شنگال (سنجار) لە بەرواری 3ی ئابی 2014 بەرامبەریان ئەنجامدرا لەلایەن چەکدارانی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ئەمەیش لە ڕێگای پاراستن و ڕیزبەندکردنێکی دروستی ئەو ڕووداوە خوێناویانە دەبێت کە ڕوویاندا، جێگیرکردنی ئەو شایەتیە واقعیەی شایەتحالە زیندووەکانیشە کە لەناو ڕووداوەکان ژیان و بوونە قوربانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەتیانەی داعشەکان لە ئەتککردن و کوشتن و خاپورکردن.

ئەو دکیۆمێنت کردنە تابلێی کارێکی گرنگە، گرنگیەکەشی لەوەدایە کە پارێزگاری لە بەلگەو زانیاریانەکان دەکات بۆ ئەوەی کلپەی ڕووداوەکان بە داگیرساوی لە یادەوەری مرۆڤایەتی و ویژدانی ئێزدیەکان بهێلێتەوە، هۆکاریشە بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەی ڕووداوەکان لەلای نەوەکانی داهاتوو، یاخود نەخشە ڕێگای دروستی مێژووی ئاینی ئێزدی و شێوازی چەوساندنەوەیانە لەڕێگای فرمان وشالاوە ستەمکاریەکانی جینۆساید کە پێشتر بەسەریاندا هێنراوە، ئەمەیش دەرەنجامی ئەوەیە کە ئێستا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

بە پێویستمان زانی زنجیرەیەک لە وەشانی جیاواز بخەینە بەر دەستی خوێنەران لە ڕۆمانی تۆمارکردن و دکیۆمێنتکردن و مێژووی و سینەمایی، چیرۆک، دەقی شیعری، نامەی ماستەرو دکتۆراو تێزی زانستی، لەگەل چەند پەرتوکێکی دکیۆمێنتکاری کە گرنگیەکی یەکجار زۆریان هەیە لەگەل ئەو توێژینەوانەی باس لە لایەنی یاسایی ڕووداوەکە دەکەن، هەموو ئەمە بە ئامانجی بەرجەستەکردنی ئەو نەهامەتیەیە کە ئێزدیەکان ڕووبەڕووی بوونەوە لە نەهامەتی وپاکتاوی نەژادی و ئاینی لەسەر دەستی چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستیە کە بەپێی پەیرەوی سەرەکی دادگای تاوانی نێودولەتی لە ڕۆما جینۆسایدە.

لەگەل نمونەی ئەدەبی بەرزی مرۆڤایەتی و توێژینەوەو لێکۆلینەوەی زانستی و بابەتی بەهادار دەبین، لەگەل چەند پەرتوکێکی بەنرخ وەک شایەتی مێژوویی ئەژمار دەکرێن لەسەر ئەو تاوانانەی ئەندامانی داعشی تاوانکار دژی ڕۆلە بێ تاوانەکانی ئێزدی ئەنجامیان دا.

**خێری بۆزانی**

لە سەر ئەرکی نووسینگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چاپکراوە

## پڕۆژەی بەڵگەکردنی کۆمەڵکوژی ئێزیدیان

لە چوارچێوەی چاپکردنی زنجیرەیەک لە پەرتوکی: زانستی، وێژەیی و بەڵگەکردن دا، و بە چەندین زمان.
سپۆنسەری پرۆژەکە: نووسینگەی تایبەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.
سەرپەرشتکاری پرۆژەکە : خێری بۆزانی .
هەولێر ، هەرێمی کوردستان - عێراق.
بۆ پەیوەندیکردن: ئیمێل genocidebooks@gmail.com
تلیگرام / واتساپ 009647504676173

---

ناوی پەرتوک: تاوانەکانی داعش
لە چوارچێوەی بژاردەکانی دادگایی کردن و گرنگی ئەرشیفکردن دا.
ڕەگەزی پەرتوک: لێکۆڵینەوە.
ناوی نووسەر: کرمانج یونس عوسمان.
چاپی یەکەم:٢٠٢١.
چاپخانەی : ڕۆژهەڵات / هەولێر- هەرێمی کوردستان- عیراق.
دیزاین: حەسەن عومەر.
ژمارەی سپاردن: 2790
زنجیرەی ئەم پەرتوکە لەم پرۆژەیەدا (١٩)

هەموو مافەکان پارێزراون ©

# تاوانەکانی داعش
# لە چوارچێوەی بژاردەکانی دادگایی کردن و گرنگی ئەرشیفکردن دا

**کرمانج یونس عوسمان**

**کوردستان - هەولێر**

**٢٠٢١**

## دەستپێك

بیرۆكەی نووسینی ئەو توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەنجامدانی تاونەكانی داعش بەتایبەتی ئەو كاتەی داعش شاری موسڵی داگیركرد لە ساڵی ٢٠١٤، ئەوكاتە بەشداری كۆبونەوەیەكی تایبەتی نەتەوە یەكگرتوەكان بووم لە بارەگای سەرەكی لە شاری نیۆرك، لەكاتی گەرانەوەم بۆ كوردستان لە فرۆكەخانەی جۆن ئێف كەنەدی دانیشتبوم و چاوەڕیی كردنەوەی دەرگای فرۆكە بووم، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن بە شێوەی ڕاستەوخۆ دیمەنەكانی داگیركردنی شاری موسڵی دەگواستەوە. ئەو كاتە ئەو پرسیارانە لە هزرم گەڵاڵەبوو، كە ئایا ئەو تاوانانەی داعش ئەنجامی دەدەن تاوانی تیرۆرن یان تاوانی نێودەوڵەتین؟ و ئایا لە داهاتوو چۆن دادگایی دەكرێن و بژاردەكانی چین؟ چونكە ئەو ڕووداوە یاساییە تا ڕادەیەك بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تازە بوو لەبەر ئەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەكان و دادگا نێودەوڵەتیەكان لە وولاتانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزرابوون[1].

لێرەدا بیرۆكەی نووسینی ئەو بابەتەم دەستی پێكردوو و خاڵە سەرەكیەكانم چەسپاند تاوەكو لە داهاتوو لە خزمەت ئەو پڕۆسەیە بم كە ئەو كات و وەك مامۆستای زانكۆ كارم دەكرد، دواتریش وەك نوێنەری دەستەی مافی مرۆڤ لە كوردستان و ڕاوێژكاری ئەو دەستەیە بوومە ئەندام لە لێژنەی باڵای حكومەتی هەرێم بۆ كاركردن لەسەر ئەو دۆسیەیە و لە دوو لاپەڕەی سەرەتایی بیرۆكە یاساییەكانم پێشكەش بە لێژنە كرد، بەڵام لە ئێستادا بە گرنگم زانی دوای ئەو هەموو پێشهاتە لەو دۆسیەدا لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوەیە زیاتر بۆ لایەنی پەیوەندار و خاوەن بەرژەوەندیەكان و هاوبەشان لەو دۆسیەیە هەموو بیرۆكە یاسایەكانم بە وردتر بڵاوبكەمەوە كە ئێستا لە چاپ دراوە و كەوتوتە بەردەستی بەڕێزتان.

نووسەر/ هەولێر

---

[1] دادگای تایبەت بە لوبنان لەسەر بنەمای بەندی حەفتەمی نەتەوە یەكگرتوەكان دامەزرا كە كاریگەری ئەو ڕووداوە لەسەر ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەبوو واتە ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای پەیماننامەی ڕۆما نەبوو.

# پێشەکی

گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی بە هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکانی کە لە کوردستانی عێراقدا دەژین، مێژویەکی تاڵیان هەیە بەو پێشێلکاریانەی مافەکانی مرۆڤ کە بەرامبەریان کراوە[١] و تا ئێستاش بەردەوامە بە شێوازی جۆراوجۆر لە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تەنانەت ئاستی مەترسیداری تێپەڕاندوە و گەیشتۆتە ڕادەی تاوانی پاکتاوی نەژادی یاخود جینۆساید یان ئەوەی لە مێژوو و زمانەوانی کوردستان بە تاوانی ئەنفال ناو دەبرێت و ناونراوە[٢]، لە مێژووی تازەی گەلی کوردستاندا لە دوو ماوەی جیاواز تاوانی جینۆساید دەرهەق بە هاووڵاتیانی کوردستان کراوە، سەردەمانێك لە ماوەی ڕژێمی پێشووی دیکتاتۆری بەعس لە ژێر ناوی نەتەوە پەرستی و عروبەوە تا دەگاتە هێرشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژەکانی دواتری[٣] و سەردەمێکیش کە تا ئێستاش بەردەوامە لە لایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە بە داعش ناسراوە لە ژێر ناو و پەردەی ئاینی ئیسلامەوە[٤]، لە کاتێکدا ئەو توێژینەوەیە ئامادە دەکەین کە تاکو ئێستا تاوانەکانی داعش بەردەوامن لە عێراق و ئەوەش جیاوازیەکی سەرەکیە لەگەڵ تاوانە نێودەوڵەتیەکانی تری جیهان وەك ئەوەی یوگسلاڤیای پێشوو و ڕواندا چونکە لەو وڵاتانە تاوانەکان کۆتاییان هاتبوو ئینجا پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن دەستی پێکرد، بەڵام لە دۆسیەی تاوانەکانی داعش جیاوازە کە تا ئێستاش تاوانەکان و پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ بەردەوامن، بۆیە دواتر کە تیشك دەخەینە سەر هەردوو ماوەکە شیکاری بۆ دەکەین لە ڕووی

---

١ ) سعد سلوم, حماية الاقليات الدينية و الاثنية و اللغوية في العراق، دراسة تحليلية في الاطر الدولية و الاقليمية و الوطنية، جامعة الكوفة، كلية الاداب، قسم المجتمع المدني، سنة الطبع ٢٠١٧، صفحة ١٤١.

٢ ) د. محمد ئیحسان، جینۆسایدی کورد لە عێراق (فەیلیەکان، بارزانیەکان، ئەنفال، هەڵەبجە، بەعەرەبکردن) چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٧، چاپخانەی شەهاب هەولێر، لاپەڕە ٤٩.

٣ ) هیوا ئەحمەد موستەفا، ڕیفراندۆم و ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئاستەنگەکانی بەردەم سەربەخۆیی، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٨، چاپخانەی ڕۆژهەلات / هەولێر، لاپەرە ٦٣.

٤ ) شمو قاسم، الوجة الاسود تنظيم الدولة الاسلامية، "داعش"، مجلة لالش عدد ٤٠ الخاص عن كارثة شنكال، دهوك ٢٠١٥، صفحة ١١٤.

یاسایی کە گرنکە و کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی یاسایی و دادگایی و جیاوازییەکان دەخەینە ڕوو چونکە گرنگە بۆ بەردەست کردنی بژاردەکانی چۆنیەتی دادگایی کردن و ئاراستە گرنگەکان ڕوون بێت.

تاوانەکانی داعش کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ئەنجام دراوە لە عێراق و کوردستان تاوەکو ئێستا وەك تاوانی تیرۆر و تاوانێکی ناوخۆیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ئەوەش جیاوازی ئەوە دەردەخات کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك نەتەوە یەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا ئەو تاوانە بە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تەنانەت تا ئاستی تاوانی پاکتاوی نەژادی (جینۆساید)ی دەناسێنن[١]، بۆیە لێرەدا دژیەکی هەیە لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ و داواکاریانەی قوربانیانی دەستی داعش و ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەو بوارە کاردەکەن[٢] و تەنانەت مەرجەع و کەسایەتیەکانی وەك میری ئێزیدیان و پێکهاتەکانی تر داواکارن کە ئەو تاوانانە وەك تاوانی نێودەوڵەتی سەیر بکرێت و بە جینۆساید ناساندنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێبکەوێتەوە[٣]، جگە لەوەی کە کێشەی گەورەی یاسایی لە عێراقدا ئەوەیە کە تاوانە نێودەوڵەتیەکانی لە پەیماننامەی (ڕۆما) دا هاتوە لە نێوان مادەکانی (٥ تا ٩) لە سیستەمی یاسایی و دادوەری عێراقدا بوونی نیە[٤] واتە نە لە یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری عێراق ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)

[١] ) بڕیاری ژمارە ٢٥٢٠ ی ٢٠١٦ی پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بە کۆمەڵکوژی بەرنامە داڕێژراوی کەمینە ئاینیەکان لەلایەن داعش، لە ٢٠١٦/٢/٣ بڵاوکراوەتەوە، لاپەڕە ٨.

[٢] ) بۆ نموونە ڕێکخراوی ئێزیدی بۆ دۆکیۆمێنتکردن و ڕێکخراوی شلۆمۆ بۆ بەڵگەنامەکان کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ وەك ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کورستان دامەزراوە و مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە یان کەسایەتی ئێزیدی وەك خاتوو نادیە موراد تەها، ڕزگاربووی دەستی داعش و خاوەنی مەدالیای نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠١٨.

[3]) New Slavery Age, Slavery of Eyzidi Women and Girls under ISIS, report issued by Eyzidi organization for documentation, translated and printed by Independent Commission for Human Rights / Kurdistan Region, Erbil 2016, page number 22.

[٤] ) "العدالة الناقصة" المسؤولية عن جرائم داعش في العراق، تقرير منشور لمنظمة هيومن رايتس ووتش لسنة ٢٠١٧. صفحة ٤.



ی ساڵی ٢٠٠٦ و نە لە یاسای سزادانی عێراقی بەرکاری ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ نەهاتووە، ئەوەش لە دەرئەنجام وای کردوە دادوەر و داواکاری گشتی و لێکۆڵەرەوەری دادوەری و پارێزەری ئەو جۆرە تاوانانە زۆر کەم بن و بە پەنجەی دەست هەژمار بکرێن کە ئەوەش مانای سنورداری عێراق دەردەخات لە مامەڵە کردن لەگەل تاوانە نێودەوڵەتیەکان[١]، لەو توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین ئەو بژاردانە تاوتوێ بکەین کە دەبێتە هۆی سزادانی تۆمەتبارانی داعش بۆ ئەوەی دەربازیان نەبێت لە یاسا و سزا و بنەماکانی دادپەروەریان لەسەر جێ بەجێ بکرێت، لەهەمان کاتیش تاوانەکان بە تاوانی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بناسێنرێت کە ئەوەش داواکاریەکی سەرەکی قوربانیانە لە پاڵ داواکاری قەرەبوو و دووبارە ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بەهۆی شەڕی داعشەوە وێران بوون.

ئەو توێژینەوەیە گرنگی لەوەدایە کە هەموو ئەو بژاردانە دەخاتە بەردەست بڕیار بەدەستانی ووڵات لە ئەنجوومەنی دادوەری و پەرلەمان و حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ چۆنیەتی ناساندنی ئەو تاوانانەی داعش بە تاوانی جینۆساید و کارکردن لە سەریان هاوشێوەی دادگایی کردنی بۆ نموونە سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ و دادگای لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕەفیق حەریری لە لوبنان، لەبەر ئەوەی تاوانەکانی داعش کاریگەریان هەیە لەسەر ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری نێودەوڵەتی و ڕاستەوخۆ مەترسی هەیە لەسەر ئاسایشی مرۆیی بەهۆی ئاوارە بوونی سەدان هەزار کەس و پاکتاو کردن و کوشتنی هەزاران کەس و بێسەروشوێن کردنیان. ئەو توێژینەوە لەو کاتەی ئێستا گرنگە کە تاوەکو ئێستا تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (یونیتاد) کارەکانیان تەواو نەکردوە و دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە دەکرێت وەك لۆبی کردن و کار تێکردنە سەر تیمی (یونیتاد) و سەرۆکی تیمەکە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ئەوەی تیمی ناوبراو لە کاتی کۆتایی

[١] ) هەمان ئاستەنگ لە دادگایی کردنی بەرپرسانی ڕژێمی پێشووی بەعس لە عیراق هاتە کایەوە دوای ساڵی ٢٠٠٣، و بۆیە بە یەك یاسا بەناوی یاسای دادگای تاوانکاری باڵای عیراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ چارەسەرکرا.

هاتنی ئەرکەکانی[1] و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکان و ڕاپۆرتی کۆتایی بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێشنیار و بۆچونەکانیان ئاماژە بە نێودەوڵەتی کردنی ئەو دۆسیە بدەن و داواکاری ئەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن تا ئەو تاوانانە وەك تاوانی جینۆساید کاری لەسەر بکرێت. لەلایەکی تر گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەرچاو ڕوونی دەداتە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنە و چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاوەکو بزانن چۆن لەسەر دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش کاربکەن و کامە بژاردە بە گونجاو بزانن و چۆن هەوڵی بۆ بدەن تاوەکو چیتر تاوانەکانی داعش تەنها وەك تیرۆر مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت و بە نێودەوڵەتی بکرێت و ببێتە مایەی لایەنی کەمی گەرەنتی دووبارە نەبونەوەی تاوانەکانی جینۆساید لە داهاتوو لە عێراق و کوردستان بەهۆی سزادانی تاوانباران و دەرباز نەبونیان لە سزای دادپەروەرانە و هەریەکە و بەگوێرەی ڕێژە و ئاستی مەترسیداری تاوانەکەی کە ئەنجامی داوە.

بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە، پشتمان بەستوە بە ڕێبازی زانستی شیکاری و لێکدانەوەی یاسایی بۆ ئەوەی ڕاڤەی دەقەکان بکەین و شیکاری ئەو بژاردانە بکەین کەوا بەردەستن بۆ بابەتی دادگایی و چۆنیەتی گەیشتن بەو ئامانجە بە گوێرەی ڕێزبەندی مێژوویی ڕووداوەکان لە یەکەم کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانی داعش تا دوا هەوڵ و بڕیار و کارەکانی لایەنە پەیوەندارەکان لەو دۆسیەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. لە میانەی شیکردنەوەمان و لێکدانەوەمان سەبارەت بە گرنکی توێژینەوە و کێشەکان و بابەتەکانی، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەو توێژینەوەیە بۆ دەروازە و سێ بەش و دەرئەنجام و کۆتایی دابەش بکەین، کە بەشی یەکەم بریتیە لە بژاردەکانی بەردەست بۆ چۆنیەتی دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش و میکانیزمەکان و دەرفەتەکان و ئاستەنگەکان لەبەردەم ئەو بژاردانە و لە بەشی دووەم شیکردنەوەی تێڕوانین و ئاراستەی حکومەی عێراق سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەل تاوانەکانی داعش و بەشی

[1] ) بڕیاری ژمارە (٢٣٧٩)ی ساڵی ٢٠١٧ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بە کورتکراوەی یونیتاد ناسراوە، وەك ئەرکەکانی یونیتاد لە ٢٠٢١/٩/١٨ کۆتایی بە کارەکانی دێت ئەگەر هاتوو لەسەر داوای حکومەتی عێراق ئەرکەکانی ئەو تیمە لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایش درێژنەکرێتەوە.



سێیەم لەسەر گرنگی ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانەکانە نێودەوڵەتیەکان و دواتر کۆتایی هێنان بە توێژینەوەکە بە دەرئەنجام و کۆتایی.

**دەروازە:**

سەرەتا لە ڕووی زاراوەوە دەبێت بۆ گەلی کوردستان ڕوون بکەینەوە کەوا لە ڕووی یاسایەوە ناولێنانی تاوانەکانی بەعس و داعش بە ئەنفال و تیرۆر خۆی لە خۆیدا کەم کردنەوەی ئەو کردەوانەیە وەك تاوان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دابەزاندنیەتی بۆ سەر ئاستی ناوخۆ، چونکە زاراوەی ئەنفال لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراو نیە و پێناسە نەکراوە[1]و تەنانەت وڵاتانی ئیسلامیش بە هەستیاریەوە سەیری ئەو ناولێنانە دەکەن بۆیە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەشێکیان لەبەر ئەوەی تا لەسەر نەتەوی عەرەب ساغ نەبێتەوە و بەشێکی تریان لە ڕووی ئاینیەوە چونکە سورەتێك هەیە بە ناوی ئەنفال لە قورئانی پیرۆزدا[2]، بۆیە دان بەو تاوانەی ئەنفال دانانێن کە بەسەر گەلی کوردستان دا هاتووە لەسەردەمی بەعسدا، کە ئەوەش خزمەت بە پرۆسەی بە جینۆساید ناساندن ناکات کە هەرچەندە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق ئەو تاوانانەی بە جینۆساید ناساندوە[3] بەڵام وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەهۆکاری نەتەوە و ئاین ئامادە نین ئەو تاوانە بۆ نموونە لە ڕێکخراوی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی یان لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی بە تاوانی جینۆسایدی بناسێنن و هاوسۆزی بەرامبەر بە گەلی کوردستان دەربڕن. بەهەمان شێوەی ناولێنانی ئەنفال و لێکەوتەکانی، ناولێنانی تەواوی کردەوەکانی تاوانی داعش بە تیرۆر دیسانەوە بچووك کردنەوەی ئەو تاوانانەیە بۆ سەر ئاستی ناوخۆ کە بە یاسای دژە تیرۆری عێراق یان یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری هەرێمی کوردستان بە تیرۆر هەژمار دەکرێت کە ئەوەش لەگەڵ ئاراستە و ناخی بە نێودەوڵەتی کردنی تاوانەکان ناگونجێت[4] چونکە ئەگەر کردەوەکانی داعش بە تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار نەکەین و خۆمان ئەو ناوەی لێنەنێین کەواتە

---

١ ) بۆ نموونە لە پەیماننامەی ڕۆمای ١٩٩٨ لە هیچ مادە و بڕگەیەك پێناسە و ئاماژە بۆ تاوانی ئەنفال نەکراوە.

٢ ) جلال هۆرێنی، جینۆساید و ئەنفال، کاریگەریەکانی لەسەر ژن، دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، چاپی ٢٠١٧،لاپەرە ٢٢.

٣ ) جینۆساید، گۆڤاری دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، ژمارە(٣) ی ساڵی ٢٠١٧، لاپەرە ٣٧. لە دانیشتنی ژمارە (٤٠)ی دادگا لە ڕۆژی ٢٠١١/٥/٣ بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی دا.

٤ ) بڕیاری ژمارە (٦٧٧) ی ساڵی ٢٠١٧ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئاراستەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان کراوە.



خۆمان ئەو تاوان و کردەوانە بچووك دەکەینەوە بۆ سەر ئاستی ناوخۆیی تەنانەت ناونانی تاوانەکانی بەعس و داعش بە کۆمەڵکوژیش دیسانەوە تێکدانی ئاراستەی دۆسیەی بە جینۆساید ناساندنە چونکە تەنها کوشتن نیە ببێتە هۆکاری تاوانی جینۆساید، بەڵکو کردەوەی تریش هەیە بە جینۆساید هەژمار دەکرێت بەبێ ئەوەی کوشتنی تێدا بەکاربهێنرێت بۆ نموونە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تێکدانی گوند و مەزار و گۆڕستانەکان و ڕێگەگرتن لە وەچەخستنەوە کە تاوانی جینۆسایدە، بۆیە واباشترە تەنها زاراوەی یاسایی تاوانی نێودەوڵەتی بەکاربێت وەك ستاندەری یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی[1] بۆ تاوانەکانی بەعس و داعش، بۆیە لەو توێژینەوەیدا بژاردەکانی بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکان داعش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەخەینە ڕوو.

---

1 ( Masha Fedorova and Goran Sluiter, Human Rights as minimum standards in international criminal proceeding, Human Rights international legal discourses, volume 3 number 1, 2009 page number 16.

## بەشی یەکەم

تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە گەلی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە (٤) تاوان هەژمار دەکرێن کە بریتین لە تاوانی دژبە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی (تاوانی جەنگ) و تاوانی پاکتاوی نەژادی یان جینۆساید و تاوانی هاندانی ئەنجام دانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان، بۆیە تا ئێستاش دەرفەتی یاسایی لەبارە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاوانەکانی داعش بە جینۆساید بناسێنرێت لە ڕێگای دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند یان لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە بە (ICC) ناسراوە یان لە دادگایەکی تێکەڵاوی نێودەوڵەتی و خۆجێی، لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە:

١- بەڵگەی تەواو هەیە و بەردەستە کە ئەو تاوانانە تاوانی جینۆسایدن، بۆ نموونە لەسەردەمی تاوانەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق بەڵگەی وێنە یان ڤیدیۆیی بە ئاسانی دەست نەدەکەوت یان بەڕێژەیەکی کەم بەردەست بوون چونکە تەکنەلۆژیای زانیاری و سۆشیال میدیا بەو ئاستە پێشکەوتوو نەبوو ئەوکات، بەڵام لەسەردەمی تاوانەکانی داعش هەر خۆیان لە سۆشیال میدیا وەك فەیس بوك و تویتەر و یوتیوب تاوانەکانی خۆیان وەك کردەی پاڵەوانی بڵاودەکردوە کە ئێستاش ئەو بەڵگانە لەسەر ئەو بەستەرانەی سۆشیال میدیا و ئەنتەرنێت ماون و ئەرشیف کراون لە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان[1] و دەکرێت وەك بەڵگەی تەواو و یەکلاکەرەوە بەکاربێت بۆ پرۆسەی دادگایی و بە جینۆساید ناساندن، یان زۆربەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کە ٩٠٪ لە قوربانیانی پێکهاتەی کوردی ئێزیدین کە ئەوەش بەڵگەیە کەوا بۆ نموونە لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ناسینەوەی ئیسك و پروسکی قوربانیان لە ڕێگای تاقیکردنەوەی دی ئێن ئەی و

[1] ) دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان کە بە CICE ناسراوە بە بڕیاری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥٦ لە ٢٠١٦/١/١٠ کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێم کراوە دامەزراوە لە شاری دهۆك و بەفەرمانی ژمارە ٣٦/١/٣ لە ٢٠١٦/١/١٣ لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری فەرمانی پێدەرکراوە،یەکەم سەنتەرە کە پیشەیانە و لەسەر بنەمای نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی لە تاوانەکانی داعش کردوە و بەڵگەکانی کۆکردۆتەوە و پاراستویەتی و تەنانەت تیمی نێودەوڵەتی یونیتاد بەبێ ئەو سەنتەرە ناتوانن لە ماوەیەکی دیاری کراو ئەو بەڵگانە کۆبکەنەوە.

پزیشکی دادی[1] دەردەکەوێت کە یەك پێکهاتەی ئاینی کوژراون و بۆ نموونە پێکهاتەی عەرەبی سونە ئازاد کراون و تەنها ئێزیدیەکان زیندە بەچاڵ کراون و جینوساید کراون.

٢- گۆڤاری فەرمی (دابق) ی دەوڵەتی ئیسلامی داعش کە چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوکرایەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لەو گۆڤارە لە چەندین وتار و فەتوا دا هانی جینۆساید کردنی ناموسوڵمانان دەدات بە تایبەتی ئێزیدیەکان، کە ئەوەش بەڵگەی فەرمی داعشە چونکە وەك گۆڤاری وەقائعی فەرمی دەوڵەت مامەڵەی پێوە دەکرا[2].

٣- جیاکردنەوەی خەڵك پێش فرۆشتن یان کوشتن یان چەکدار کردنیان، ئەو جیاکردنەوەیە بۆ نموونە لە نێوان سونە و ئێزیدیەکان، یان شیعە و کریستیانەکان و شەبەك و کاکەیی یان هەر نەتەوەیەك و ئاینێکی کەمینە، خۆی لە خۆیدا ڕەگەزی جیاکاریە لە تاوان و مەرامی جینۆساید پیشان دەدات وەك بەڵگە.

بۆیە دەکرێت بڵێین جگە لەو بەڵگانە چەندین بەڵگەی تر هەیە وەك بوونی گەواهیدەر یان ووتەی قوربانیان خودی خۆیان کە لە دەست داعش ڕزگاریان بوە یان ڕزگار کراون یان تاقیکردنەوەی

دی ئێن ئەی کە سەلماندنی تاوانەکانی داعش دەکەن وەك تاوانی جینۆساید سەرەڕای ئەوەی چەندین ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ژنێڤ و نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و لیدوانەکانی سەرکردەکانی جیهان و بەرپرسەکان و پەڕلەمانانی جیهان دانیان بە ئاستی تاوانەکانی داعش ناوە کە دەگاتە ئاستی تاوانی جێنۆساید[3].

---

[1] ) حسو هورمي، عن جحيم الدولة الإسلامية (داعش والإبادة الجماعية للإيزيديين) طبعة الاولى اربيل سنة ٢٠١٧ مطبعة روزهلات، صفحة ٢٠.

2) Roundtable on Islam and International Criminal Justice, Experts Workshop from 13 to 14 October 2016. Organized by International Nuremberg Principles Academy – Nuremberg / Germany, paper presented by Dr. Mohamed Elewa Badar under the title " Islamic Law: Segregation or Integration into the International Legal System." Northumbria University, Northumbria Law School, UK.

3) Report by Free Syrian Lawyers Association under the title "Documenting International Crimes in Syria: A Comprehensive Case Study Approach published on August 24, 2015 in Collaboration with: U.S. State Department & Democracy Council .page number 52.



## بژاردەکانی دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش

لەو بژاردانەی خوارەوە دەرفەتی دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش دەخەینە ڕوو بە گوێرەی گرنگی ڕێزبەندی لە یەکەم بژاردەوە تاوەکو پێنجەم:

### بژاردەی یەکەم: پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند

دەسەڵاتی دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند تەنها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانە ئەویش لەسەر بنەمای ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی واتە پشت بەستن بە بەندی (٧) ی پەیماننامەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەگەر هاتوو مەترسی تەواو جدی هەبوو لەسەر ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری نێودەوڵەتی، واتە بە بڕیاری (٥) ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش یان لە حاڵەتی بە کارنەهێنانی ڤیتۆ لەلایەن ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، نموونەی دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند زۆرن لەوانە بریتیە لە دادگای دادگایی کردنی تاوانبارانی یوگسلاڤیای پێشوو و ڕواندا[1].دادگا نێودەوڵەتیە تایبەتمەندەکان ئۆفیسی سەرەکیان لە شاری دێنهاخ (لاهای) لە وڵاتی هۆڵەندایە کە بە پایتەختی ئاشتی ناسراوە، دەرفەتەکانی ئەو جۆرە دادگایەش بۆ دۆسیەی تاوانەکانی داعش بریتین لە:-

١- تایبەتمەند دەبێت تەنها بە تاوانەکانی داعش و دوورمان دەخاتەوە لە ململانێی سیاسی زلهێزەکان و پێکدادانی بەرژەوەندیەکانیان وەك ئەمریکا و ڕوسیا و هاوپەیمانانیان لە ناوچەکە و ململانی و شەڕی مەزهەبی بۆ نموونە لە نێوان سونە و شیعە.

٢- دەرفەتی دەنگدان لەسەر دامەزراندنی ئەو دادگایە هەیە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان چونکە ئەمریکا و ڕوسیا و چین خۆیان لە بنەڕەتدا ئەندام نین لە پەیماننامەی ڕۆما و

---

Or UN Commission of Inquiry on Syria: ISIS is committing genocide against the Yazidis published on 6/19/2016 by Office of the UN High Commissioner for Human Rights (OHCHR), page number 2.

[1] https://www.icty.org/ and https://unictr.irmct.org/.

زیاتر ئارەزوی دامەزراندنی دادگای تایبەتمەندی کاتی دەکەن نەوەك ئارەزوی چالاکردنی یان کاراکردنی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC) بە تایبەتی دوای هەوڵەکانی ئەندام بوونی فەڵەستین و بڕیارەکانی نووسینگەی داواکاری گشتی دادگای (ICC) بە کردنەوەی دۆسیەی ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە دژی فەڵەستین ئەنجام دراوە[1].

٣- ئەگەر دادگای تایبەتمەند دابمەزرێت لە ژێر ناوی بە نموونە (دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەندی تاوانەکانی داعش) ئەوا بە تێڕوانینی ئێمە هیچ لایەنێك یان ئەندامێك لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ڤیتۆی نابێت بەرامبەر ئەو دادگایە چونکە داعش دوژمنی هەموانە لە یەك کاتدا، بەمانای کە داعش دژی هەر پێنج ئەندامانی هەمیشەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانە و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان.

٤- بوونی دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند دەبێتە هۆی ناساندنی تاوانەکان وەك جێنۆساید لەسەر ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتی.

٥- ئەو بژاردەیە دوورمان دەخاتەوە لە پرسی پەیوەند بە حکومەتی ناوەند لە بەغدا لەسەر بابەتی ئەندام بوون یان ئەندام نەبوونی عێراق لە پەیماننامەی ڕۆما و دادگای ICC، چونکە بە ئەگەری دەرکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش ئەوا ڕاستەوخۆ ئیلتیزاماتی قانونی لەسەر عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دروست دەکات بۆ دادگایی کردنی داعش.

٦- لەبەر ئەوەی عێراق ئەندام نیە لە دادگای ICC و دادگای ICC پسپۆڕیەتی نیە لەسەر ئەو دۆسیە لە عێراق، بۆیە دەرفەت زیاتر دەکات بۆ دادگای نیودەوڵەتی تایبەتمەند.

[1] ) الدائرة التمهيدية الأولى في المحكمة الجنائية الدولية صدرت قرارها في ٥ شباط ٢٠٢١ بشأن طلب المدعية العامة المتعلق بالاختصاص الاقليمي على فلسطين، يقضي القرار بأن الاختصاص الاقليمي للمحكمة بالنسبة للحالة في فلسطين، التي هي دولة طرف في نظام روما الأساسي، هو اختصاص يشمل الأراضي التي تحتلها إسرائيل منذ عام ١٩٦٧، لا سيما غزة والضفة الغربية، بما في ذلك القدس الشرقية. المصدر https://www.icc-cpi.int//Pages/item.aspx?name=pr1566&ln=Arabicتاريخ الزيارة للموقع ٢٠٢١/٣/٢.



**ئاستەنگەکانی بژاردەی یەکەم بریتین لەو خاڵانەی خوارەوە:**

١- کات و ماوەی دەوێت تاوەکو دەخرێتە ئەجیندای کاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بڕیار لەسەر دامەزراندنی دادگاکە و لۆبی پێویستە لەسەر ئاستی جۆراوجۆری یاسایی و سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٢- بووجەیەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ئەو دادگایە دابمەزرێت، لێرەدا بابەتی لایەنی دابین کردنی بووجە دێتە ئاراوە، کە ئایا هەموو بوجەکەی لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان دابین بکرێت و وولاتانی ئەندام و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان هاریکار بن یان لە نێوان نەتەوە یەکگرتوەکان و عێراق بووجەیەکی هاوبەش دابین بکرێت.

٣- دەبێت ڕەشنوسێکی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ئامادە بکرێت کە هەموو ئەندامانی هەمیشەیی ڕازی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی ڤیتۆ نەهێڵێت. لێرەدا مەبەست لە چۆنیەتی داڕشتنی ڕەشنوسی بڕیارەکەیە کە دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی و دیبلۆماسی دابڕێژرێت.

٤- پێویستە لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەو بژاردەیە باس بکرێت و ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی عێراقیش پاڵپشتی لێبکات و لە ڕیگای بۆ نموونە نوێنەرایەتی عیراق لە نیۆرك ئەو داوایە لە نەتەوە یەکگرتوەکان بکات دوای ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، چونکە دەبێت بۆ حکومەتی عێراق ڕوون بکرێتەوە کەوا ئەو دادگایە تەنها لێکۆڵینەوە و دادگایی لە تاوانەکانی داعش دەکات و دەست لە کاروباری ناکۆکی سیاسی یان مەزهەبی لە عێراق وەرنادات و هیچ لایەنگیری سیاسی لێناکەوێتەوە واتا نابێتە مەترسی بۆ بابەتی سەروەری عێراق.

٥- پێویستی بە سەرچاوەی مرۆیی لە کارمەندی ناوخۆیی هەیە لە دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و پارێزەران و لێکۆڵەری دادوەری و تیمی پزیشکی هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ و تاقیکردنەوەی پزیشکی دی ئێن ئەی و تیمی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئەرشیف کردن و کارمەندانی شیاندنەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی کە پێویستە ڕاهێنانی تەواویان بۆ ئەنجام بدرێت و بتوانن هاریکاری ئەو دادگا نێودەوڵەتیە تایبەتمەندەبن بۆ کارکردن لەو دۆسیەیە بە گوێرەی پێوەری نێودەوڵەتی[1] .

[1]) International Tracing Service ITS, new access to the ITS archive, annual report 2015.

**میکانیزمەکانی کارکردن بۆ بەدەست هێنانی بژاردەی یەکەم:**

١- عێراق بە شێوەیەکی فەرمی لە ڕێگای نێردەی هەمیشەیی عێراق بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری نیۆرك داوای دامەزراندنی ئەو دادگایە لە نەتەوە یەکگرتوەکان بکات و دەتوانێت کات و شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکان دیاری بکات بۆ ئەوەی ئەگەر دادگاکە دامەزرا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و پرۆسەی دادگایی ئەنجام بدات.

٢- لە ڕێگای وەرگرتنی ڕاو و بۆچوونی قوربانیانی تاوانەکانی داعش بۆ نموونە لە ڕێگای ڕاپرسیەك بەسەر قوربانیان دابەش بکریت[1] کە لە دەرئەنجامدا داوای دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند دەکەن و گرنگە دەنگی داواکاری ڕاپرسیەکە بۆ نموونە لە یەك ملیۆن واژووی قوربانیان[2] کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی سەنگی داواکارەیەکە بەهێز بێت، واتە لێرەدا داواکاری دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند تەنها داواکاری حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێت بەڵکو داوای خودی قوربانیان و زیان لێکەوتوانی دەستی داعش دەبێت[3] بە جۆراوجۆری پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

٣- شاندێکی تایبەتمەندی یاسایی و دیبلۆماسی لە هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات بۆ باس کردنی ئەو بژاردەیە، چونکە دەبێت هاوبەشی و هەماهەنگی هەبێت بەرامبەر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی واتە ڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر ئەو بژاردەیە هەبێت لە چوارچێوەی کاری هاوبەش و یاداشتنامەی لەیەك گەیشتن، چونکە بۆ نموونە زۆربەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان

---

1) Annual Report 2005 of Canadian Human Rights Commission, published on April 2006, Ottawa, Canada page No. 14.

٢ مەبەستمان لە قوربانی هەر کەسێك کە زیانی پێگەیشتووە لە سەر دەستی داعش جا بە شەهید بوون، بریندار بوون، کەم ئەندام بوون، ماڵ وێران بوون یان لە دەستدانی هەر بەهایەکی دارایی.

٣) حقوق الإنسان في تطبيق العدالة في العراق : المحاكمات بموجب قوانين مكافحة الإرهاب والآثار المترتبة على العدالة والمساءلة والتماسك الأجتماعي في أعقاب مرحلة "داعش" تقرير بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان، كانون الثاني ٢٠٢٠ بغداد/ العراق، صفحة ٢٢.



دەکەوێتە ناوچەکانی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەك لە ناوچەکانی شەنگال و کەرکوك و دیالە.

٤- ئامادەکردنی ڕەشنوسی بڕیارێکی یاسایی بۆ ئەوەی پێشکەش بە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت بۆ تاوتوێکردنی و دەنگ لەسەردان بۆ دامەزراندنی ئەو دادگایە تایبەتمەندە.

٥- ئامادەکردنی ڕەشنوسی نوسراوێك لەلایەن هەرێمی کوردستان لە حاڵەتی ڕازی نەبوونی حکومەتی عێراق لەسەر ئەو بژاردەیە، تا لەو نوسراوە ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕێگای نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) و کونسوڵخانەکان لە کوردستان و ئاژانسەکانی نێودەوڵەتی لە کوردستان کە حکومەتی عیراق ئامادەیی نیە بۆ دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش لە دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند تاوەکو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بەگوێرەی دەسەڵاتەکانی خۆی ڕاستەوخۆ کار لەسەر دامەزرادنی ئەو دادگایە بکات.

٦- لۆبی کردن لەگەڵ هەر (٥) باڵوێزخانە و کونسوڵخانەی (وواڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان) کە لە شاری بەغدا و هەولێرن بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر عێراق بۆ ڕەزامەندی لەسەر ئەو بژاردەیە و کار لەسەر بەدەستهێنانی.

٧- کارکرن لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش لە عێراق کە بە (یونیتاد) ناسراوە بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ژمارە (٢٣٧٩)، بۆ ئەوەی لە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکانیان و ڕاسپاردەکانیان ئەوە بخەنە ڕوو کەوا تاوانە نێودەوڵەتیەکان لە سیستەمی یاسایی و دادوەری عێراقدا بوونی نیە و بۆیە ئاستەمە ئەو دادگایە لەسەر ئاستی خۆجێی ئەنجام بدرێت و لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی سزای لە سێدارەدان لە عێراق تا ئەوڕۆش جێبەجێ دەکرێت کە یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کە دژی سەپاندنی سزای لە سێدارەدانە بە تایبەتی لە عێراق کە بابەتی سەروەری یاسا جێگای پرسیار و گومانە.

## بژاردەی دووەم: دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC)

دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە بە (ICC) ناسراوە لە ساڵی ٢٠٠٢ دەست بەکار بووە و بەگوێرەی پەیماننامەی ڕۆمای ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە و تایبەتمەندە لە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان کە لە پەیماننامەی ڕۆما بە ڕوونی ئاماژەی بۆ کردووە. ئەو دادگایە ئۆفیسی سەرەکی لە شاری دێنهاخ (لاهای) لە وولاتی هۆڵەندایە. ئەو دادگایە کاری لەسەر چەندین دۆسیە کردوە کە تا ئێستاش لە لێکۆڵینەوەی چەندین دۆسیە بەردەوامە[1].

دەرفەتەکانی کارکردنی دادگای (ICC) لە تاوانەکانی داعش:

١- داواکردنی عێراق لە نوسینگەی داواکاری گشتی ئەو دادگایە بۆ ئەوەی کار لەسەر دۆسیەی تاوانەکانی داعش بکات و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان بکات بە دیاری کردنی سروشتی تاوانەکان و دیاری کردنی پسپۆڕیەتی کات و شوێنی تاوانەکان.

٢- بە ئەندام بوونی عێراق لە پەیماننامەی ڕۆما، ئەو دادگایە دەتوانێت لەسەر ئەو دۆسیە کاربکات.

٣- دوای دامەزراندنی دادگای (ICC) لە ساڵی ٢٠٠٢، دەرفەت بۆ دروست کردنی دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند کەم بۆتەوە، بۆیە لەوانەیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بگاتە ئەو تێگەیشتنەی ئەو دۆسیە ڕەوانەی دادگای (ICC) بکات ئەگەر بەرژەوەندیەکانی سیاسی کۆسپ دروست نەکات.

**ئاستەنگەکانی بژاردەی دووەم بریتین لەو خاڵانەی خوارەوە:**

١- بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لە لایەن ڕوسیای فیدراڵ لەژێر کاریگەری سیاسی و بەرژەوەندی لە لوبنان و خودی عێراق و ئێران لە حاڵەتی ئاراستە کردنی دۆسیەی تاوانەکانی داعش بۆ ئەو دادگایە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، چونکە لەوانەیە مەترسی ئەوە هەبێت

1 Selected Basic documents related to the International Criminal Court, printed and published by ICC, July 2018-300, page number 13.



لە ژێر سێبەری ئەو دادگایە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی یان گروپە شیعەکان دادگایی بکرێن ئەگەر ساغ بێتەوە کە ئەوانیش تاوانی نێودەوڵەتیان ئەنجام دابێت لە هەمان ماوەی ئەنجام دانی تاوانەکانی داعش.

٢- ئارەزوو نەکردنی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ گرنگی دان بەو دادگایە و چالاك نەکردنی بەهۆی لۆبی ئیسرائیل بەرامبەر داواکانی فەلەستین لەو دادگایە[1]، کە چەندین جار ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا باسی سەپاندنی سزا دەکات بەسەر دادوەران و داواکاری گشتی ئەو دادگایە[2].

٣- ئەندام نەبوونی (٣) ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بریتین لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ڕوسیای فیدراڵ و کۆماری چینی میللی لەو دادگایە، ئەوەش بە مانای گرنگی نەدان دێت بەو دادگایە و تەنانەت کار بۆ لاواز کردنی دەکەن یان هەوڵ دەدەن بە گوێرەی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بەکاری بهێنن.

٤- دەبێتە هۆی قوڵ کردنەوەی کێشەی مەزهەبی لە عێراق بە هۆی تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر یەکتر لە نێوان لایەنە شیعە و سونەکان یان ترسی سەرکردەکانی عێراق لە دادگایی کردنیان لەسەر تاوانە نێودەوڵەتیەکان کە لە دوای ماوەی (٢٠٠٢) و دەگرێتەوە ئەگەر عێراق ببێتە ئەندام لەو دادگایە[3].

٥- ئامادەنەبوونی عێراق بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەو دادگایە یان داوا لەو دادگایە بکات دۆسیەی لێکۆڵینەوە بکاتەوە لەو تاوانانە بە پاساوی پاراستنی سەروەری یان سیادەی دادوەری دەوڵەتی عێراق.

میکانیزمەکانی کارکردن لەسەر ئەو بژاردەیە:

١- کۆبونەوە و لۆبی کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەندام لە پەیماننامەی ڕۆما یان وازهێنانی کاتی لە پسپۆڕی دادوەری **(التنازل عن الاختصاص القضائي)**

1 ) Assembly of states parties to the Rome statute of the international criminal court, sixteenth session, New York, 4-14 December 2017, official records volume 1, page number 91.

٢ ) پێگەی فەرمی ڕێکخراوی هیومەن ڕاتس وۆچ https://www.hrw.org/ar/news/2019/03/16/328215

٣ ) مادەی ١١ و ١٢ لە پەیماننامەی ڕۆمای ساڵی ١٩٩٨.

بکا بۆ دادگای ناوبراو بۆ ئەوەی لە ماوە و شوێنێکی دیاری کراو دەست بە پڕۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگایی بکات.

٢- لۆبی کردن لەگەل ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەوەی دۆسیەکە ڕەوانەی ئەو دادگایە بکات، واتە کارکردن بە ستراتیژیەتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، واتە پاڵەپەستۆی نێودەوڵەتی بۆ سەر ئاستی ناوخۆیی.

٣- کارکردن لەگەڵ داواکاری گشتی دادگای ناوبراو لە ڕێگای دابین کردنی پاکێجی تەواوی بەڵگەنامەکان و ئامادە کردنی لائیحەی یاسایی بۆ ئەوەی داوای یاسایی بجولێنن، لێرەشدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبێت وەك یاریدەدەر.



## بژاردەی سێیەم: دادگای تێکەڵ (ناوخۆیی و نێودەوڵەتی)

ئەو جۆرە دادگایە بەو دوایە هاتە کایەوە بۆ کۆکردنەوەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی دادگای ناوخۆ و دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند وەك نزیکی شوێنی جوگرافی دادگایەکە لە قوربانیان لە لایەك و لەلایەکی تر دوور کەوتنەوە لە خاڵە نێگەتیڤەکان و ئاستەنگەکانی هەردوو جۆر لە دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند و دادگای ناوخۆیی، نموونەی ئەو جۆرە دادگایە بریتیە لە دادگای کەمبۆدیا[1].

دەرفەتەکانی ئەو بژاردەیە:

١- کاتی کەمی دەوێت بۆ دەرکردنی یاسا یان هەموار کردنی یاسا ناوخۆیە بەرکارەکان بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە دادگایە[2].

٢- دابین کردنی بووجەی هاوبەش لە نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتوەکان و لایەنەکانی تری کۆمەك بەخش کە ئەوەش ئاستەنگی دابین کردنی بووجە چارەسەر دەکات بەتایبەتی لە کاتی ئێستادا بەهۆی قەیرانی پەتای کۆرونا و کەمبوونەوەی بەهای نەوت.

٣- ڕازی بوونی عێراق بەو جۆرە دادگایە لەبەر نەترسانی لە بابەتی سەروەری یان سیادەی دادوەری و سیاسی عێراق، چونکە لەو دادگایە دادوەران و داواکاری گشتی و لێکۆڵەرەوانی عێراق ڕۆڵیان دەبێت و بەشدار دەبن و تەنانەت لەوانەیە بارەگای سەرەکی دادگایەکە لە شاری بەغدا بێت.

٤- ئەو جۆرە دادگایە بە هاریکاری نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێت و کارەکانی ئەنجام دەدات و دەکرێت لەسەر ئاستی عێراق بێت یان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش بێت.

---

[1] The Nuremberg principles beyond the international criminal court: a common ground for accountability, Nuremberg Forum 2019, 18-19 October 2019, second day of conference under the title, addressing impunity through hybrid mechanisms.

[2]) ئێستا لە پەڕلەمانی عێراق ڕەشنووسی یاسایەك ئامادەکراوە کە هەمواری یاسای دادگای باڵای عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ دەکات و لە هەمان کات لە لایەن لیژنەی باڵای بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەشنوسی یاسایەك ئامادەکراوە و لەلایەن حکومەتی هەرێم ڕوانەی پەڕلەمانی کوردستان کراوە و چەندین کۆبونەوە لەسەر ئەو ڕەشنوسە ئەنجام دراوە.

٥- ئەگەر عێراق ڕەزامەندی نەدا لەسەر ئەو جۆرە دادگایە ئەوا لامەرکەزی تەشریعی لە پەرلەمانی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان واتە تیمی یونیتاد دەرگای گفتوگۆ بکاتەوە لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنوسێك کە دژی بنەماکانی دەستوری عێراق نەبێت و گەرەنتی ئەوە بکات دادگای باڵای ئیتیحادی تانە لە یاساکەی هەرێمی کوردستان نەدات[1].

٦- دەبێتە هۆی سزادانی تاوانەکانی داعش لەسەر ئاستی سەرکردە و چەکدار و ئەوانەی بەشداری تاوانەکانیان کردوە.

٧- دادگاکە نزیك دەبێت لە واقیعی جوگرافی و قوربانیان بۆ خێرا لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و زووتر یەکلایی کردنەوەی دۆسیەکان و دادگایەکە و گەرەنتی کردنی زۆرترین بەشداری قوربانیان[2] لە دادگاکە[3] تەنانەت خێرا کردنی پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش.

٨- ئامانج و داواکاری قوربانیان بۆ وەدیهێنانی بە جینۆساید ناساندن بەدەست دێنێت کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەبێت و وەك تاوانەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆ بە جینۆساید نا ناسێنرێت بەڵکو ڕەهەندی یاسایی نێودەوڵەتیش وەردەگرێت.

ئاستەنگەکانی ئەو بژاردەیە:

١- نەبوونی ویستی عێراق بۆ دامەزراندنی دادگای تێکەڵاو یان ئامادە نەبوونی عێراق بۆ ئەوەی دادوەر و لێکۆڵەرەوانی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەو دۆسیە بکەن تاوەکو تەنها دادوەرانی ناوخۆیی کاری لەسەر بکەن و هەموو ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو دۆسیەیە لا بدەن.

---

[1] بەداخەوە دادگای باڵای ئیتحیادی عێراق بە بڕیاری ژمارە (٧١/ ئیتیحادی/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١٣ ڕێگری کرد لەو هەوڵەی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان.

٢ ) بابەتی چۆنیەتی بەشداری کردنی قوربانیان بەتایبەتی بوونی ئاستەنگی ئامادەبوونی ئەو قوربانیانەی کە سکاڵایان تۆمار کردوە و ئێستاش لە دەرەوەی وولاتن، پێویستە میکانزمێکی گونجاو بۆ بدۆزرێتەوە تەنانەت ئەوانی تریش لە قوربانیان کە لە دەرەوەی وولاتن کە چۆن و بە چ شێوازێك سکاڵا تۆمار بکەن.

3 International Nuremberg Principles Academy, Nuremberg Forum 2018, 20th Anniversary of the Rome Statute: law, justice and politics, 19-20 October 2018, the second day of the conference under the title "victims participation and repartitions".



٢- بەهۆی نەبوونی یان لاوازی سەروەری یاسا لە عێراق کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاریکاری عێراق ناکەن لەو دادگایە بەهۆی کێشەی مەزهەبی یان ترس لە بەکارهێنانی ئەو دادگایە وەك چەکێك بۆ لێدان لە لایەنی سیاسی و بەکارهێنانی بۆ مەرامی سیاسی[1].

٣- کێشەی بوجە و دابین کردنی هاریکاری دارایی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە کە ئاستەمە ڕەزامەندبێت بە تایبەتی ئێستا کە قەیرانی دارایی بەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتووە.

٤- نەبوونی شارەزایی و پسپۆری ناوخۆیی لە تاوانە نێودەوڵەتیەکان و کاتێکی زۆری دەوێت لە ڕاهێنانی ستافی دادگا وەك دادوەر و پارێزەر و لێکۆڵەرەوەرەکان و چۆنیەتی ئامادەکردنی دۆسیە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان بە گوێرەی پێوەری ستاندەری نێودەوڵەتی[2].

٥- لەسەر ئاستی جیهانی بەجینۆساید ناساندنەکە بە ئاست و ڕادەی دادگای نیودەوڵەتی تایبەتمەند نابێت هاوشێوەی دەنگدانەوەی دادگای ڕواندا و یوگوسلاڤیای پێشوو.

٦- کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشداری دادگایەك ناکات لە وولاتیکی وەك عێراق کە تا ئێستا سزای لە سێدارەدان جێ بەجێ دەکات و چەندین تێبینی هەیە لەسەر ئەو جێبەجێکردنەی ئەو سزایە کە زۆر جار بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسیەکان بەکار هاتوە، بۆیە دەبێت عێراق سزای لە سێدارەدان هەڵوەشێنێتەوە و ئەو کات قورسترین سزا دەبێتە سزای بەندکردنی هەتا هەتایی.

میکانیزمەکان:

١- پێویستی بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەتمەند لە پەرلەمانی عێراق یان هەرێمی کوردستان هەیە.

٢- هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٥ دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بۆ ئەوەی تاوانەکانی داعش بگرێتەوە.

---

[1] ) بۆ نموونە وەك دۆسیەی تاریق هاشمی جێگیری سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق.

[2] پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بە بەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی لە کاتی ململانێدا، ستاندارە سەرەتاییەکانی باشترین ڕێوشوێن لەسەر بە بەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی یەکەم حوزەیرانی ٢٠١٤، لاپەرە ٦١.

٣- واژوو كردنی ڕێكەوتنامەیەك یان یاداشتنامەیەكی لەیەكگەیشتن لە نێوان عێراق و نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ كاركردن لەسەر دامەزرانی ئەوە جۆرە دادگایە.

٤- دەركردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكان پێویستە لەسەر ئەو جۆرە بەشداریەی نەتەوە یەكگرتوەكان لەو دادگایە.

٥- بوونی ڕێكەوتنامە یان یاداشتنامەیەكی لەیەك گەیشتن لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر چۆنیەتی كاركردن بە هاوبەشی لەو دادگایە بە تایبەتی لە ناوچەكانی كوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ناوچەكانی مادەی ١٤٠.



**بژاردەی چوارەم: دادگای ناوخۆ لەسەر ئاستی (عێراق یان كوردستان)**

ئەو جۆرە دادگایانە سەد لە سەد دادگای ناوخۆیی نیشتیمانین، هیچ ڕەهەندێكی نیودەوڵەتی نیە، لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان پێشتر ئەو جۆرە شارەزاییە نەبووە و لەسەر ئاستی عێراقیش تەنها دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق كاری لەسەر كردوە بەڵام بە یاسایەكی تایبەت، بەڵام ئێستا ئەو دادگایە تەنها لە چوارچێوەی دۆسیەی تاوانەكانی تیرۆر كارەكانی ئەنجام دەدات. شایەنی ئاماژە پێكردنە كە ئەو بژاردەیە دەبێتە هۆی لە دەست دانی دەرفەتی ناساندنی نێودەوڵەتی ئەو تاوانانە، واتە پرۆسەی بە جیهانی ناساندنی تاوانەكانی داعش وەك جینۆساید كۆتایی پێدێت و تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆ دەناسرێت.

دەرفەتەكان:

١- كاتی كەمی دەوێت و دەكرێت لە نزیكترین كات ئەو دادگایە دابمەزرێت.

٢- دەتوانێت لە كاتێكی كەمتر ئەو دۆسیەیە یەكلایی بكاتەوە.

٣- بووجەیەكی كەمی دەوێت چونكە لە بنەڕەتدا دادگاكان بونیان هەیە و بارەگا و سەرچاوەی مرۆییان هەیە.تەنها بۆ بابەتی قەرەبوو كردنەوە یان گرێبەست كردن لەگەڵ دادوەر و شارەزا و ڕاوێژكارانی نێودەوڵەتی بیانی بووجەی زیاتری دەوێت.

٤- لەوانەیە سزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانبارن دەربكات كە ئەوەش لەوانەیە داواكاری زۆرێك لە قوربانیانی دەستی تاوانەكانی داعش بێت و وەك بەشێك لە ئاشتەواتی نیشتیمانی[1] سەیر بكرێت لەلایەن قوربانیان بۆ داهاتووی پێكەوە ژیان و دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەكان و نەمانی مەترسی گەڕانەوەی سەركردەكانی داعش یان دەربازبونیان لە بەندینخانە و چاكسازیەكان بەهۆی پێدانی پارە و گەندەڵی و سرینەوەی ناوی داواكراوان لە تۆماری پۆلیس یان ئاسایش.

ئاستەنگەكان:

1 ( Rule of law tools for post –conflict states, vetting: an operational framework, published by office f the United nations high commissioner for human rights, United Nations, new York and Geneva, 2006, page number 13.

١- کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارەتی ناکەوێتە ئەستو لە دابین کردنی دارایی یان ڕاهێنان بە تیمی ناوخۆ تەنها ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناحکومی و قازانج نەویست هاریکاری عێراق یان هەرێمی کوردستان بکەن.

٢- دەبێت یاسای سزادانی عێراقی لە عێراق و کوردستان هەموار بکرێتەوە یان کار بە یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بکریت و هەموار بکرێتەوە یان یاسایەکی تایبەتمەندی ناوخۆی دەربکرێت لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراق و کاراکردنی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یان هەرێمی کوردستان بە گوێرەی تایبەتمەندی خۆی پرۆژەی یاسایەك ئامادە بکات بە هەماهەنگی لەگەل دەسەلاتی فیدراڵی عێراق و دەنگی لەسەر بدات[1].

٣- ئەگەر لەسەر ئاستی عێراق بوو، ئەوا دەبێت دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق چالاك بکرێتەوە چونکە ئێستا کارەکانی سنوردار کراوەتەوە بە تاوانەکانی تیرۆر و ماوەی ئەنجام دانی تاوەکانی داعش ناگرێتەوە.

٤- لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان جگە لە هەموار کردنی یاسا دەبێت یاسای دامەزراندنی ئەو دادگایەش لەلایەن پەرلەمانی کوردستان دەربچێت.

٥- گەرەنتی قەرەبوو کردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانە نیە لەو دادگایە لەسەر بنەمای ئەزموونی پێشو لە دادگای تاوانەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق کە تا ئێستا هیچ نەکراوە لە قەرەبوو کردنەوە کە لە ئاستی داواکاری قوربانیان بێت بۆ نموونە گوندەکان وەك پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوە و خزمەتگوزاری بۆ دابین نەکراوە یان نەخۆشەکان چارەسەری پێویستیان بۆ دابین نەکراوە یاخود زۆربەی تاوانبارانی تاوانی ئەنفال و جینۆساید لە سزای یاسایی دەربازیان بووە و تاوەکو ئێستا دادگایی نەکراون[2].

---

[1] ) تقرير الامم المتحدة حول زيارة مساعد الامين العام للامم المتحدة لحقوق الانسان السيد ايفان سيمونوفيتش ١٩تشرين الاول ٢٠١٥ الى كوردستان العراق، منشور باللغة العربية في مجلة لالش العدد رقم ٤٠ الخاص عن كارثة شنكال، مطبعة هاوار،دهوك ٢٠١٥. رقم صفحة ١٤٤.

[2] ) سەیوان عومەر، تاوانی جاش لە جینۆسایدا، چاپی یەکەم سالی ٢٠١٦، لاپەرە ٨٧.



**بژاردەی پێنجەم: ( کۆمیتەی گەیشتن بە ڕاستیەکان)**

لە ڕاستیدا هەندێك لە شارەزا وتوێژەرانی یاسایی لەگەڵ ئەوە نین کە کۆمیتەی گەیشتن بە ڕاستیەکان (لجنة تقصي الحقائق) بە بژاردە هەژمار بکرێت بۆ دۆسیەی تاوانەکانی داعش چونکە بە تیروانینی ئەوان ئەو کۆمیتەیە نابێتە هۆی چارەسەر و دادگایی بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئەوەی وەك لۆبی بەکار بێت بۆ دامەزراندنی دادگا، بەڵام هەندێك لە توێژەران و پسپۆڕانی یاسایی ئەوە وەك بژاردە هەژمار دەکەن[1] ئەو جۆرە کۆمیتانەش دەکرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت، یان هەرێمی وەك ئەگەر کۆمکاری عەرەبی دایمەزرێنێت یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت ئەویش یان بە شێوەیەکی سەربەخۆ (وەك دۆسیەی بەحرەین و بەهاری عەرەبی) یان سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بێت (وەك دۆسیەی لیبیا و بەهاری عەرەبی) بەڵام واباشترە نێودەوڵەتی بێت بۆ متمانە و بێلایەنی و شەفافیەت و شارەزایی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان کە ئایا ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراوە تاوانی جینۆسایدن یان نا.

---

[1] ) تقرير اللجنة البحرينية المستقلة لتقصي الحقائق، محمود شريف بسيوني - رئيس اللجنة، نايجل رودلي – مفوض، بدرية العوضي – مفوضة، فيليب كيرش – مفوض، ماهنوش أرسنجاني – مفوّضة، قدم في المنامة، مملكة البحرين في ٢٣ نوفمبر ٢٠١١ و صدرت نسخة منقحة من التقرير في ١٠ ديسمبر ٢٠١١.

## بەشی دووەم

### تێڕوانین و ئاراستەی کارکردنی حکومەی عێراق و هەرێمی کوردستان

حکومەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە زۆر بە جدی و بە خێرایی کاری نەکرد لەسەر کردنەوەی دۆسیەی تاوانەکانی داعش لەو ئاست و خواستەی کەوا قوربانیان داوایان دەکرد، لە حکومەتی عێراق تێگەیشتنێکی وا هەبوو کەوا هیچ بۆشایەکی یاسایی نیە بۆ بابەتی دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش بۆیە بە یاسای بەرکاری دژە تیرۆری عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ تاوانەکانی داعش دەکرد، بۆ نموونە لە دادگایی کردنی تاوانبارانی دۆسیەی سەربازگەی سپایکەر، لەلایەکی تر حکومەتی عێراق لەبەر بابەتی سەروەری دەوڵەتی عێراق و ترسان لەوەی کەوا دامەزراندنی هەر دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند یان تێکەڵاو دەبێتە هۆی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق جگە لە هۆکاری تری سیاسی وەک هەژموونی وڵاتانی دراوسێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوانەکانی داعش درێژەی کێشا و چەند ساڵێک بەردەوام بوو و تاکو ئێستاش بەردەوامە. دواتر دۆسیەی ئەندامانی داعشی بیانی[1] بەرفراوانتر بوو، بۆیە حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی ئەو کات حەیدەر عەبادی لە ڕێگای وەزیری دەرەوەی عێراق ئیبراهیم جەعفەری بە نامەی فەرمی لە مانگی ئابی ٢٠١٧ داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد لە پەراوێزی بەشداری عێراق لە کۆبونوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕێگای نێردەی عێراق بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری نیۆرك بە نوسراوی ژمارە (٢٩٩) لە ١٤ی ئابی ٢٠١٧ کەوا هاریکاری عێراق بکەن لە دۆسیەی دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش، بەڵام بە مەرجی ئەوەی لەسەر ئاستی نیشتیمانی بێت و سەرەوەری عێراق لە پرۆسەکە پارێزراو بێت. لەسەر بنەمای داواکەی عێراق، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بە بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ بڕیاری دا بە ناردنی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ چەسپاندنی لێپرسینەوە بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق کە دواتر بە یونیتاد (UNITAD) ناسرا بە سەرۆکایەتی پارێزەری بەناوبانگی نێودەوڵەتی بەریتانی

---

[1] هەڵگرانی پاسپۆرتی نا عێراقی.

کەریم ئەحمەد خان[1]، بۆیە تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراق بە ئاراستەی بە ناوخۆیی کردنی تاوانەکانی داعش کار دەکات بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی دادگاکانی عێراق دادگایی بکرێن و لە بری ئەوەی بە تاوانی تیرۆر دادگایی بکرێن عێراق هەوڵ دەدات بۆ ڕازی کردنی داواکاری قوربانیەکان بە تایبەتی ئێزیدیەکان ئەو تاوانانە بە تاوانی نێودەوڵەتی دادگایی بکات لە ڕێگای یان ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسایەك لە پەرلەمانی عێراق کە لە هەمان کات زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ ئەو ئاراستەی حکومەتی عێراقن چونکە نایانەوێت ئەندامانی داعش لە هەڵگرانی ڕەگەزنامەی ئەوروپی و بیانی بگەڕێنەوە وڵاتانی خۆیان چونکە دەبنە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە و لە هەمان کاتدا سزاکانی وڵاتانی ئەوروپا بە بەراورد بە عێراق سوك تر و کەمترە بۆ نموونە سزای لە سێدارەدان لە سیستەمی سزادانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و کۆمسیۆنی ئەوروپا نیە[2].بۆیە ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد لە کاتی سەردانی مەیدانی گیراوانی داعش لە چاکسازی هەولێر[3] لە چاوپێکەوتنێکی ڕوبەڕوو هەموویان داوایان کرد کەوا نەگوازرێنەوە سەر دەسەڵاتی دادوەری عێراق لەبەرە ئەوەی بەهۆی ناکۆکی مەزهەبی و شەڕی تایفەگەری متمانەیان بە بڕیارەکانی دادگاکانی عێراق نەماوە کە بۆ دژایەتی بۆ نموونە سونەکانی عێراق بەکاردێت لە لایەن شیعەکانەوە و لە هەمان کات لە ترسی سزای لە سێدارەدان چونکە تا ئێستا لە عێراق ئەو سزایە بەرکارە و جێبەجێ دەکرێت وەك تاوانبارانی دۆسیەی تاوانەکانی سەربازگەی سپایکەر کە لەسێدارەدران لە ساڵی ٢٠١٧ و ئەوانی تریش چاوەڕێی ڕاستاندنی (تصدیق) بڕیاری دادگا دەکەن بۆ جێ بەجێ کردنی، بۆیە تێبینی دەکەین کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی داعش

[1] ) لە کۆبونەوەی ٢٠٢١/٢/١٣ی نەتەوە یەکگرتوەکان وەك سێیەمن داواکاری گشتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC) هەڵبژێردرا واتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێت پێش ٢٠٢١/٦/١٦ کە وادەی دەست بەکاربوونی کەریم خانە لە لاهای جێگرەوەیەك بۆ ناوبراو دیاری بکات.

[2] ) بۆ نموونە داواکاری ئەڵمانیا و فەرەنسا بۆ ڕازی بوون لەسەر دادگایی کردنی ئەندامانی داعشی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو دوو وڵاتە لەسەر خاکی عێراق.

[3] ) سەردانی مەیدانی تیمی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە ئەو کات بەندە وەك ئەندامی شاند و ڕاوێژکاری دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ بەشدار بووم و لە نزیکەوە لەگەل ڕاگیراوان چاوپێکەوتنمان ئەنجام دا لە مانگی ١٠ی ٢٠١٨.



لە بەندینخانە و چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگیراون و چاوەڕێی دادگایی کردن دەکەن، بۆیە داوادەکەن ڕادەستی حکومەتی عێراق نەکرێنەوە چونکە باوەڕیان بە سیستەمی دادوەری کوردستان هەیە لە چەسپاندنی دادپەروەری نەوەك سیستەمی دادوەری عێراق.

ئاراستەی کارکردن و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خێراتر و گورجتر بووە لە حکومەتی ناوەند، بۆ نموونە بۆ بابەتی دۆسیەی جینۆساید حکومەتی هەرێم بە بڕیاری ژمارە (٢٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٧ فەرمانی دەرکرد بە دامەزراندنی لێژنەیەکی باڵا بە ناونیشانی (لێژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکانی تر) و دواتر دامەزراندنی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەلگەکان لە شاری دهۆك. حکومەتی هەرێم چەندین کۆبونەوەی ئەنجام داوە لەگەل لایەنەکانی ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ لۆبی کردنی بە جینۆساید ناساندن و کۆبونەوەی لەگەڵ کونسوڵخانەکانی وڵاتانی بیانی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و چەندین شاندی ڕوانەی دەرەوەی هەرێم کردوە بۆ مەبەستی لۆبی کردنی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند یان تێکەڵاو یان کارکردن لەو دۆسیەیە لە لایەن دادگای (ICC)، جگە لەوەش چەندین نوسراوی فەرمی ئاراستەی حکومەتی عێراق و سەرۆکی کۆماری ئەو کاتی عێراق کراوە کە پێویستە ئەو تاوانانە وەك جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت[1] و دواتر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بە فەرمانی ژمارە (٦٧٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٢/٥ جەخت لەسەر بژاردەی دادگای تایبەتمەند دواتر لەسەر بژاردەکانی تر دەکاتەوە لەبەر ئاست و ڕادەی مەترسی ئەو تاوانانە، سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك ئەو کردەوانەی داعشی بە تاوانی جینۆساید ناساندوە و ڕۆژی ٨/٣ ی هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی یادکردنەوەی تاوانی جینۆسایدی ناساندوە دژ بە ئێزیدیەکان[2]. لە هەمان کات

[1] نوسراوی ژمارە ١٢٠٩ لە لایەن سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی سەرۆك کۆماری عێراق کراوە لە ٢٠١٥/١١/١٠. وە نوسراوی ژمارە ١٢١٠ لە لایەن سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی عێراق کراوە لە ٢٠١٥/١١/١٠.

[2] بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی سەرۆکایەتی هەرێم و بڕیاری ژمارە ( ١١)ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی لە ٢٠١٩/٨/٣ .وە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بە بڕیاڕی ژمارە (٩٢)ی ساڵی ٢٠١٤ ئەو

دوای ئەوەی تیمی نێودەوڵەتی یونیتاد دەستی بەکارەکانی کرد لە عێراق و هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم بە فەرمانی ژمارە (٤٣٧٠) لە ٢٠١٨/٩/٣ کە ئاراستەی لێژنەی باڵای کردوە داوای کار و هەماهەنگی تەواو بکەن لەگەڵ تیمی ناوبراو لە چوارچێوەی یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشتن بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و دادگایی کردن[١]. لە دوا هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بە فەرمانی ژمارە (٨٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٨ دوای گۆڕینی کابینەی حکومەتی هەرێم لێژنەیەکی تازە دەست بە کار بوو و لە حکومەتی هەرێم ڕەشنووسی یاسایەك ئاراستەی پەڕلەمانی کوردستان کرا بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر دامەزراندنی دادگایەکی نیشتیمانی بدرێت لەسەر بنەمای تاوانە نێودەوڵەتیەکان بەڵام دادگای باڵای ئیتیحادی لە بەغدا ڕێگری لەو هەوڵە کرد.

لە دەرئەنجام و کۆتایی ئەو بەشدا دادگاکانی نێودەوڵەتی جا چ دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند بێت یان دادگای (ICC) ئەوا تەنها دادگایی چەند کەسانێك دەکەن لە سەرکردەکانی داعش کە فەرمانیان بە ئەنجام دانی تاوانەکان داوە و ئەوانی تر لە ئاستی خوار سەرکردایەتی لە دادگاکانی تری ناوخۆی عێراق  یان دادگای تێکەڵاو دادگایی دەکرێن. لەلایەکی تر دادگاکانی نێودەوڵەتی جا چ دادگای نێودەوڵەتی تایبەتمەند بێت یان دادگای (ICC) بێت لە سیستەمی سزادانیان سزای لە سێدارە دانیان نیە بەڵکو سزای بەندکردنی هەتا هەتایی هەیە لە چاکسازیەکانیان. وە پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کەوا دۆسیەکانی تاوانەکانی داعش بە جیا ئامادەبکرێت بۆ بەردەم دادگا بۆ نموونە دۆسیەی ئێزیدیەکان و کاکەیەکان و کریستیانەکان و ئەوانی تر هەریەکە بە جیا ئامادە بکرێت تاوەکو ئەگەر لە دۆسیەك کەم و کوڕی هەبوو ئەوا لە دۆسیەکانی تر دووبارە نەبێتەوە و بڕیارەکانی دادگا بە جیا دەربکرێت. وە لە شیکردنەوەی بژاردەکان و ڕاڤە کردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە (٢٣٧٩) بۆمان دەردەکەوێت کە دەرەفت ماوە کار لەسەر ئەوە بکرێت کەوا بەلایەنی کەم دادگایەکی تێکەڵاو دابمەزرێت بۆ دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش و

---

تاوانانەی کە ڕووبەڕوی پێکهاتەکانی ئێزیدی و تورکمان و کریستیان و شەبەك و ئەوانیتر بونەتەوە، بە بەتاوانی جینۆسایدی ناساندوە.

[١] حکومەتی هەرێم بە فەرمانی ژمارە ١٠١٠ لە ٢٠١٩/٩/٣٠ گشتاندنی بۆ هەموو وەزارەتەکان کردوە بۆ هاریکاری کردن و ئاسانکاری تەواوی تیمی یونیتاد.



سوودەکانی جۆرەکانی تری دادگاکانی تریش لە خۆ بگرێت. وە پێویستە ئەگەر هاتوو عێراق کاری لەسەر ئەوە کرد کەوا لەسەر ئاستی ناوخۆیی یاسایەك ئامادە بکرێت بۆ دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش ئەوا هەرێمی کوردستان ئاگادار و بەهەست بێت بۆ ئەوەی بە تەواوی شرۆڤەی مادەکانی ئەو ڕەشنوسی یاسایە بکات تاوەکو وەك چەکێکی سیاسی دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بەکارنەهێنرێت و بەلایەنی کەم تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان لەو جۆرە دادگایانە گەرەنتی بکرێت و هەوڵ بدرێت کە بارەگای سەرەکی ئەو دادگایانە لە کوردستان بێت چونکە کردنەوەی بارەگای ئەو جۆرە دادگایانە لە بەغدا بە تایبەتی لە ناوچەی سەوز گەرەنتی بەشداربوونی قوربانیان ناکات بە ئاسانی لە پڕۆسەی دادگایی بەهۆی خراپی بارودۆخی ئاسایش و ئاستەنگی گەیشتن بە ناوچەی سەوز لە بەغدا.

## بەشی سێیەم

## گرنگی ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان

کاتێك باس لە تاوان دەکەین ئەوا بەسەر دوو بەش پۆلێن دەکرێن، کە بریتین لە تاوانی ناوخۆیی و تاوانی نێودەولەتی، تاوانی ناوخۆیی لە وولاتێك و کۆمەڵگایەك بۆ یەکێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت لە سزا و لێکەوتەکانی تری یاسایی و تەنها مەترسی هەیە لەسەر ئاسایشی مرۆیی ئەو وولاتە، بەڵام تاوانە نێودەولەتەیەکان مەترسی هەیە بۆ ئاسایشی هەموو مرۆڤایەتی بۆیە لەسەر ئاستی نێودەولەتی کۆدەنگی لەسەرەو وولاتانی جیهان لەسەری ڕێکەوتوون. بۆیە توێژینەوەکەی ئێمە لەسەر تاوانە نێودەولەتیەکانە کە گرنگی دۆکیۆمێنت کردنیان چیە، بەڵام لە سەرەتا پێش بابەتی ئەرشیف کردن گرنگە ئاماژە بەوە بکەم بەکورتی کە تاوانە نێودەولەتیەکان چین؟

تاوانە نێودەولەتیەکان بریتین لە ١) تاوانی جەنگ بە گوێرەی پەیماننامەی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و هەردوو پرۆتۆکۆلی هاوپێچ کراوی ساڵی ١٩٧٧، و٢) تاوانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ کە بریتیە لە پێشێلکاری هەموو بەڵگەنامە و پەیماننامە و بڕیارەکانی مافەکانی مرۆڤ، و٣) تاوانی جێنۆساید کە بریتیە لە پێشێلکاری پەیماننامەی دژە جێنۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ و٤) تاوانی شەڕانگێزی یان تاوانی داگیرکاری. لەم دواییە بەهۆی پرۆسەی دادگا تایبەتمەندە نێودەولەتیەکان یان دادگا تێکەڵاوەکان وەك دادگای یوگوسلاڤیا و ڕواندا، لەسەر بنەمای نەریت (عورفی) نێودەولەتی، هاندانی ئەنجام دانی تاوانە نێودەولەتیەکان بە تاوانێکی سەربەخۆ چەسپێنرا واتە ئەوە دەبێتە ژمارە (٥) لە ڕیزبەندی تاوانە نێودەولەتیەکان. بۆیە بۆ ئەو تاوانە نێودەولەتیانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە تا لەسەر بنەمایەکی ستاندارد بەڵگەکان لەسەر ئاستی دادگا نێودەولەتیەکان بێتە وەرگرتن و مایەی ڕەزامەندی داواکاری گشتی دادگا نێودەولەتیەکان بێت.

کەلتوری ئەرشیف یان دۆکیۆمێنتکردن لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بوونی نیە یان زۆر کەمە لەسەر هەموو ئاستەکان، لەبەر ئەوەی کوردستان لە ناسەقامگیری بەردەوام بووە بۆیە یان دەرفەت نەبووە کارەکان ئەرشیف بکرێن یان ڕۆشنبیری و بووجە و سەرچاوەی مرۆیی شارەزا نەبووە بۆ ئەو کارە یان کارەکان و هەوڵەکان پەرش و بڵاو و یەك ئاراستە نەبوونە بەواتای بە دامەزراوەیی نەبووە

و تەنها لەسەر ئاستی تاکە کەسی بووە و هەر کەسێك بە گوێرەی ئەو ئارەزووەی هەیەتی بۆ ئەرشیف کردن یان لەو پلە و پایەی کە بۆی هەڵکەوتوە کاری ئەرشیفی کردوە، بۆیە ئێستا کاتی خۆیەتی و بگرە درەنگیش کەوتوە کە ئەرشیفخانە یان سەنتەری دۆکیۆمێنتی نیشتیمانی بێتە دامەزراندن لەسەر بنەمایەکی پرۆفیشنال بە پێوەری نێودەوڵەتی و بە ڕەهەندی نیشتیمانی.

لەم چەند خاڵانەی خوارەوە گرنگی دۆکیۆمێنت کردن و ئەرشیف کردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان دەخەینە ڕوو، واتە بۆچی پێویستە لە کوردستان؟

١- بۆ پرۆسەی دادگایی کردن و لێکۆڵینەوەی سزایی، لەبەر ئەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکان ڕەهەندی جیهانی هەیە بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو تاوانانە وەك جینۆساید بێتە دانپێدانان و ناساندن و وولاتان دانی پێدابنێن ئەوا دەبێت بۆ ئەو پرۆسەیە باش خۆمان ئامادە و پڕ چەك بکەین کە هەمووی دۆکیۆمێنت و ئەرشیف بکرێت و لە پرۆسەی دادگایی و لێکۆلینەوەی سزایی سوودی هەبێت کە لە بەرەژەوەندی خۆمان دادگایی کردنەکە یەکلابکەینەوە، بینیمان لە کاتی دادگایی کردنی سەدامی دیکتاتۆر ئاستەنگ هاتە پێشمان لە پێشکەش کردنی بەڵگەی تەواو چونکە بە تەواوی ئەرشیف و دۆکیۆمێنت نەکرابوون یان هەندێکیان ڕاست و دروست نەبوون یان ساختە بوون، دۆکیۆمێنت کردن و ئەرشیف کردنی تەواو، گەرەنتی ئاراستە دروستی دادگایی کردن دەکات بۆ گەیشتن بە ماف و دادپەروەری.

٢- بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان و گەیشتن بە ناوەڕۆکی ڕووداوەکان، هەمیشە لە ڕێگای ئەرشیف و دۆکیۆمێنت کردن دەتوانین بگەین بە ڕاستیەکان کەوا چ لایەنێك تاوانبارە و چۆن ئەو تاوانانە ڕوویان داوە، گەیشتن بە ڕاستی و دروستی تاوانەکان گرنگە بۆ پرۆسەی حوکمدان و بەدەست هێنانی دادپەروەری، بۆیە بەڵگەی ڕاست و دروست کە بە چاکی ئەرشیف و دۆکیۆمێنت کرابێت دەبێتە هۆی دەرخستنی ڕاستیەکان.

٣- بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتیمانی و قۆناغی ڕاگواستنەوە، لە دوای تەواو بوون و ڕاوەستانی شەڕ، قۆناغێك دەست پێدەکات ناسراوە بە قۆناغی ڕاگوزەر کە یەك لە هەنگاوە سەرەکیەکانی بریتیە لە ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکانی شەڕ و ناکۆکی، بەهۆی ئەرشیف و دۆکیۆمێنت کردن، بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو لایەنی بەرامبەر وەك دوژمن نەبوونە، بەڵکو



هاریکاری لایەنەکەی تریان کردوە، بۆ نموونە لە ڕێگای ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردن بۆ جوولەکەکان دەرکەوت کە هەموو نازیەکان مرۆڤ کوژ نەبوونە بەڵکو چەندین سەربازی نازی چەندین خێزانی جووەکانیان ڕزگار کردوە لە کاتی هۆلۆکۆست یان ئەوەی لە هزری شەقام و میدیادا چەسپاوە کە هەموو عەرەبی سونەی شاری موسڵ تیرۆرست و داعشن، بەڵام لەوانەیە لە ڕێگای ئەرشیف و دۆکیۆمێنت کردن بۆمان دەربکەوێت کە چەندین کەس لە خەڵکی شاری موسڵ هاریکاری دەربازکردنی ئافرەتانی ئێزیدیان کردوە کە ئەوە دەبێتە خاڵێکی گرنگ لە پرۆسەی دووبارە پێکەوە ژیانی ئاشتی و پرۆسەی دووبارە ئاوەدان کردنەوەی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان.

٤- بۆ مۆزەخانەی نیشتیمانی و ئەرشیف خانە، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی ئەو وولاتانەی تاوانی جێنۆساید ئەنجامدراوە وەك ئەرمینیا، ئیسرائیل، ڕواندا، کوسوڤا، بۆسنە و هێرزەگۆڤینیا...هتد، ئەرشیف کردن و دۆکیۆمینت کردن هاریکار بووە بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی نیشتیمانی لەسەر ئاستی ئەو وولاتە و بۆتە جێگای سەردانی هەزاران کەس و توێژینەوەی جۆراوجۆری بواری زانستی لەسەر کراوە.

٥- بۆ پاراستنی یادەوەری بۆ نەوەکانی داهاتوو و لەناو نەچونیان، هەر ڕووداوێك لە وڵاتەکەمان ڕوودات گرنگە ئەرشیف و دۆکیۆمێنت بکرێت، بۆیە تاوانە نێودەوڵەتیەکان گرنگە ئەرشیف بکرێت تاوەکو نەوەکانی ئێستاو داهاتوو بزانن کە چی ڕوویداوە و چیمان بەسەر هاتووە بۆ ئەوەی لە ڕاستیەکان بزانن و هیچ کەسێکی تر نەیەت مێژوویەکی چەواشەکاری بنوسێتەوە و ڕاستیەکان لە ڕێگا لابدات یان بشێوێنێت. بۆیە گرنگە نەوەی ئێستا و داهاتوو ئاگادار بێت بەو تاوانانەی بەسەر گەلەکەمان داهاتووە.

٦- بۆ کاری ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی، زۆر جار دەبینین کە هەموو توێژەرانی تری بیانی کاری ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی وەك ماستەر و دکتۆرا ئەنجام دەدەن لەسەر ئەو تاوانانەی کە بەسەر ئێمە دا هاتووە بەڵام بە داخەوە خۆمان بە ڕادەیەکی کەم کاری لەسەر دەکەین، بۆیە دروست کردنی ئەرشیفخانە و دۆکیۆمێنت کردنی ئەو تاوانانە دەبێتە یاریدەدەر بۆ پرۆژە و کاری ئەکادیمی و زانستی و توێژینەوەی بەرفراوان لە ئاستی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

٧- مافی سەرەتایی قوربانیانە کە بە ڕاستیەکان بگەن، چونکە قوربانی تاوانەکانی جینۆساید و ئەوانی تر چۆن مافی دووبارە شیاندنەوە و قەرەبوکردنەوەیان هەیە ئەواش مافیان هەیە بگەن بە ڕاستیەکان و حەقیقەتەکان کە چی ڕویداوە و چۆن ڕویداوە، ئەوەش لە ڕێگای دۆکیۆمێنت و ئەرشیف کردن دەبێت کە دەمانگەیەنێت بە ڕاستیەکان.

٨- مافێکی گشتی یە، واتە بۆ هەموو لایەنێك قوربانی بێت یان نا وەکو چۆن سزادانی تاوان مافی گشتی تێدایە، بۆیە ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردن بۆ هەموو لایەك ڕاستیەکان ئاشکرا دەکات جا ئەو لایەنە قوربانی بێت ( ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ) یان قوربانی نەبێت. واتە بەشێك لە مافی گشتی و بەدەست هێنانی زانیاری بۆ هەموو کەسێك بریتیە لە ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردن.

٩- بۆ لۆبی کردن لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی کە بەسەر گەلەکەمان دا هاتووە جا چ تاوانی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری بێت یان تاوانەکانی داعش بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان بناسێنرێت دەبێت بە بەردەوامی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاری لۆبی بۆ ئەنجام بدەین هەروەك جووەکان لە لۆبی کردن بۆ هۆڵۆکۆست و خەڵکی بەڵقان بۆ تاوانەکانی میلۆزۆڤیچ، باشترین ئامرازیش بۆ لۆبی کردنی ئەو تاوانانە بریتیە لە ئەرشیف و دۆکیۆمێنت کە زۆر گرنگن بۆ پیشان دانی حەقیقەت و ڕاستیەکان، بۆ نموونە کردنەوەی پیشانگایەك یان ئەنجامدانی چالاکی (side event) لە ناو باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری نیۆرك یان هۆڵی یەکێتی ئەوروپا لە بروکسێل و پیشان دانی ئەرشیف و دۆکیۆمێنتی تاونەکان کاریگەری گەوەر دروست دەکات لەسەر دروست کردنی ڕای گشتی و کاریگەری سەر پرۆسەی دروست کردنی بڕیار لەو ناوەندە نێودەوڵەتیانە.

١٠- ئەرشیف و دۆکیۆمێنت گرنگە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و دووبارە لێکۆڵینەوەی ورد، بۆ نموونە لە کاتی ئەرشیف کردن و دۆکیۆمنت کردن بۆمان دەردەکەوێت کێ دەستی هەبووە لەگەڵ دوژمن بۆ ئەنجام دانی ئەو تاوانانە یان بۆ نموونە ئەو کۆمپانیانە کامانەن لە کەرتی تایبەت کە چەکیان فرۆشتوە بە دوژمن بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بەسەر ئێمە دا بێت.



١١- بۆ دەرخستنی بەڵگەی ساختە و ڕاستەکان چونکە لەوانەیە وولاتان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن و ساختە بکەن یان بەکاری بینن بو شێوازی تر، زۆر جار دەبینین دوای پرۆسەی جینۆساید و ڕوخانی دیکتاتۆریەت چەندین بەڵگە دەکەونە دەستی خەڵك و بڵاودەبنەوە، هەندێك جار ئەو بەڵگانە بۆ مەرامی جۆراوجۆر بە کاردێت یان تێکەڵ بە بەڵگەی تری ساختە دەکرێت تاوەکو ڕاستیەکان بشێوێنرێت، بۆ نموونە بەڵگەیەك لەسەردەمی تاوانەکانی بەعس بڵاوبویەوە کەوا هەندێك ئافرەتی کورد بە وولاتی میسر فرۆشراوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کەوا بەڵگەکان ساختەن یان لە کاتی دادگایی ڕژێمی بەعس، دادگا دەبوایە چەندین بەڵگە و دۆکیۆمێنت ڕەوانەی ڕاستاندن بکات تا لە ڕاستی و دروستی بەڵگەکان بکۆڵنەوە کە ئەوەش پرۆسەی دادگایی سست دەکرد، بۆیە بوونی بەڵگە و ئەرشیفی تەواو هەموو ئەو کێشانە چارەسەر دەکات.

١٢- بۆ گەیشتن بە داتا و ژمارەی دروست، هەندێك جار ژمارەکان یەك ناگرنەوە، بۆ نموونە چەند کەس جینۆساید و زیندە بەچاڵ کراوە؟ چەند کەس بێسەر و شوێنە؟ و چەند کەس شەهید کراوە و چەند کەسیش وونن؟ هەموو ئەو داتایانە ڕاست و دروست دەبێت ئەگەر هاتوو بەڵگەی تەواو هەبێت، بۆ نموونە زۆر جار ژمارەی شەهید و ونبوان و نادیارەکان کۆبکەیەوە هەمان ژمارەی ئەو قوربانیانە دەرناچێت چونکە داتای ڕاست و دروست نیە بەهۆی کەم و کوڕی ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردن.

١٣- ئەرشیف و دۆکیۆمێنت گرنگە بۆ ئاشتەوایی ناوخۆیی لە نێوان پارتە سیاسیەکان کە ببێتە خاڵی یەکگرتنیان چونکە مێژووی هاوبەشیان هەیە، واتە زۆر جار پارت و حزبەکان ناکۆکیان هەیە، بەڵام کاتێك دەبینین کە مێژووی هاوبەشیان هەیە و لە سەردەمی دیکتاتۆر هەموویان قوربانی بوونە وەك یەك، ئەوا بوونی ئەرشیف خانە و دۆکیۆمێنت کردنی قوربانیەکان هەموو حزبەکان لە یەك نزیك دەکاتەوە و ڕابردووی قوربانی هاوبەشیان بەبیر دێنێتەوە. بۆیە بۆ پرۆسەی سەقام گیری و ئاشتەوایی گرنگە ئەرشیف و مۆزەخانەی نیشتیمانی هەبێت.

١٤- بۆ یەك خستنی ئاراستەکان چونکە هەر لایەك و بە ئاراستەیەك ئەرشیف کۆدەکاتەوە، زۆر جار دەبینین دامەزراوەیەکی حکومی یان ڕێکخراوی ناحکومی یان حزبێکی سیاسی یان کۆمەڵە چالاکوانێك بە تەواوی یان بە پچڕ پچڕی کاری ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردن دەکەن،

هەندێك جار ئەو هەوڵانە دووبارە دەبنەوە لە یەك كاتدا هەندێك جاریش چەندین دامەزراوە هەمان كار دەكەن یان بە ئاراستەی جیاواز هەوڵ دەدەن، بۆیە بوونی یەك ئەرشیف و دۆكیۆمێنتی نیشتیمانی، كات و پارە و سەرچاوەی مرۆیی یەك دەخات بۆ ئەوەی یەك ئەرشیفخانەی كواڵتی بەرز هەبێت لە كوردستان.

١٥- ئەرشیف و دۆكیۆمێنت بۆ پرۆسەی قەرەبووكردنەوە گرنگە وەك دەرئەنجام بە تایبەتی لەكاتی پرۆسەی دادگایی كە بوونی بەڵگەی تەواو دەبێتە هۆی قەرەبو كردنەوەی قوربانیان.

١٦- ئەرشیف و دۆكیۆمێنت دەبێتە هۆی جیاكردنەوە و دەرخستنی ئەوانەی خەبات و قوربانیان داوە بۆ نیشتیمان لەگەل ئەوانەی دوژمن و خۆفرۆش بوونە دژی كوردستان، واتە ڕاستیەكان دەخاتە ڕوو و تاوەكو مێژوو ئەو كەسانە بنرخێنێت كە نیشتیمان پەروەر بوونە و ئەو كەسانەش ڕیسوا بكات كەوا خاك و خۆفرۆش بوونە.



## الملخص

هذه الدراسة يتناول خيارات محاكمة جرائم داعش في العراق تحت ضوء القرارات الدولية و اتجاهات الحكومة العراقية و حكومة اقليم كوردستان العراق بهذا الصدد، حيث قمنا في البداية بشرح كيفية التسمية و استخدام المصطلحات و التكييف القانوني لجرائم داعش و مقارنتها بجرائم الانفال في فترة النظام البائد و ثم تناولنا الخيارات كل خيار على حدى من حيث الأليات و الفرص و التحديات بدء من خيارات التدويل الى خيارات المحاكمة على المستوى الوطني و المحلي حيث توصلنا الى النتيجة ان المحاكمات الحالية لجرائم الداعش في العراق وفقا لقانون مكافحة الارهاب لا ينسجم مع طبيعة الجرائم الدولية لتنظيم داعش و من الضروري ان يكون المقاضاة وفقا للمعايير الدولية و باتجاه التدويل طبقا لمطالب الضحايا.

## Abstract

This research addressed the legal options and mechanisms to bring Islamic State (ISIS) crimes to accountability according to international resolutions, the research that we addressed the Iraqi government and Kurdistan regional government strategy and their tendency regarding that crimes and the possibility for prosecution, in the beginning this research addressed the legal terminologies and the legal dimension of the ISIS crimes , then we compared the ISIS crimes with Iraqi regime crimes during Anfal campaign, also this research addressed the legal options to bring ISIS crimes to accountability starting from international level to the local level and addressed each options according to the opportunities, chances and obstacles. This research found that the recent Iraqi prosecution to the ISIS crimes according to the anti-terrorism law is not acceptable with nature of ISIS crimes which is basically consider as an international crimes, for that it is necessary to prosecute ISIS perpetrate according to international standards and to respect the demands of the ISIS victims.




## سەرچاوەکان:


بەزمانی کوردی

١- د. محمد ئیحسان، جینۆسایدی کورد لە عێراق (فەیلیەکان، بارزانیەکان، ئەنفال، هەڵەبجە، بەعەرەبکردن) چاپی یەکەم ٢٠١٧، چاپخانەی شەهاب/ هەولێر.

٢- هیوا ئەحمەد موستەفا، ڕیفراندۆم و ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئاستەنگەکانی بەردەم سەربەخۆیی، چاپی یەکەم ٢٠١٨، چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر.

٣- جلال هۆرێنی، جینۆساید و ئەنفال، کاریگەریەکانی لەسەر ژن، دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، چاپی ٢٠١٧.

٤- سەیوان عومەر، تاوانی جاش لە جینۆسایدا، چاپی یەکەم ٢٠١٦.

٥- جینۆساید، گۆڤاری دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، ژمارە( ٣) ی ٢٠١٧.

٦- پەیماننامەی ڕۆمای ساڵی ١٩٩٨.

٧- پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بە بەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی لە کاتی ململانێدا، ستاندارە سەرەتاییەکانی باشترین ڕێوشوێن لەسەر بە بەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ، چاپی یەکەم حوزەیرانی ٢٠١٤.

٨- بڕیاری ژمارە (٢٥٢٠) ی ٢٠١٦، پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بە کۆمەڵکوژی بەرنامە داڕێژراوی کەمینە ئاینیەکان لەلایەن داعش، لە ٢٠١٦/٢/٣ بڵاوکراوەتەوە.

٩- بڕیاری ژمارە (٢٣٧٩) ی ٢٠١٧، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان.

١٠- بڕیاری ژمارە (٦٧٧) ی ٢٠١٧، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**به زمانی عەرەبی:**

١- سعد سلوم ، حماية الاقليات الدينية و الاثنية و اللغوية في العراق ، دراسة تحليلية في الاطر الدولية و الاقليمية و الوطنية، جامعة الكوفة، كلية الاداب، قسم المجتمع المدني، سنة الطبع ٢٠١٧.

٢- حسو هورمي، عن جحيم الدولة الإسلامية (داعش والإبادة الجماعية للإيزيديين) طبعة الاولى اربيل سنة ٢٠١٧ مطبعة روزهلات.

٣- شمو قاسم، الوجة الاسود تنظيم الدولة الاسلامية،"داعش"، مجلة لالش عدد ٤٠ الخاص عن كارثة شنكال، دهوك ٢٠١٥.

٤- حقوق الإنسان في تطبيق العدالة في العراق : المحاكمات بموجب قوانين مكافحة الإرهاب والآثار المترتبة على العدالة والمساءلة والتماسك الأجتماعي في أعقاب مرحلة "داعش" تقرير بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان، كانون الثاني ٢٠٢٠ بغداد- العراق.

٥- "العدالة الناقصة" المسؤولية عن جرائم داعش في العراق، تقرير منشور لمنظمة هيومن رايتس ووتش لسنة ٢٠١٧.

٦- تقرير الامم المتحدة حول زيارة مساعد الامين العام للامم المتحدة لحقوق الانسان السيد ايفان سيمونوفيتش ١٩تشرين الاول ٢٠١٥ الى كوردستان العراق، منشور باللغة العربية في مجلة لالش العدد رقم ٤٠ الخاص عن كارثة شنكال، مطبعة هاوار، دهوك ٢٠١٥.

٧- تقرير اللجنة البحرينية المستقلة لتقصي الحقائق، محمود شريف بسيوني (رئيس اللجنة) نايجل رودلي(مفوض) و بدرية العوضي (مفوضة) و فيليب كيرش (مفوض) و ماهنوش أرسنجاني( مفوّضة) قدم في المنامة، مملكة البحرين في ٢٣/١١/ ٢٠١١ و صدرت نسخة منقحة للتقرير في ١٠/١٢/ ٢٠١١.



**به زمانی ئینگلیزی:**

1- Assembly of States parties to the Rome statute of the International Criminal Court, sixteenth session, New York, 4-14 December 2017, official records volume 1.

2- Annual Report 2005 of Canadian Human Rights Commission, published on April 2006, Ottawa, Canada.

3- Masha Fedorova and Goran Sluiter, Human Rights as minimum standards in international criminal proceeding, Human Rights international legal discourses , volume 3 number 1, 2009.

4- International Nuremberg Principles Academy, Nuremberg Forum 2018, 20th Anniversary of the Rome Statute: law, justice and politics, 19-20 October 2018, the second day of the conference under the title "victims participation and repartitions".

5- International Tracing Service ITS, new access to the ITS archive, annual report 2015.

6- New Slavery Age, slavery of Eyzidi women and girls under ISIS, report issued by Eyzidi organization for documentation, translated & printed by Independent Commission for Human Rights /Kurdistan, Erbil 2016.

7- Roundtable on Islam and International Criminal Justice, experts workshop from 13 to 14 October 2016, organized by International Nuremberg Principles Academy, Nuremberg / Germany, paper presented by Dr. Mohamed Elewa Badar under the title" Islamic Law: Segregation or Integration into the International Legal System." Northumbria University, Northumbria Law School, UK.

8- Report by Free Syrian Lawyers Association under the title "Documenting International Crimes in Syria: A comprehensive case study approach published on August 24, 2015 in Collaboration with: U.S. State Department & Democracy Council.

9- Rule of law tools for post –conflict states, vetting: an operational framework, published by office of the United Nations High Commissioner for Human Rights, United Nations, New York and Geneva, 2006.

10- Selected basic documents related to the International Criminal Court, printed and published by ICC, July 2018.

11- The Nuremberg principles beyond the international criminal court: a common ground for accountability, Nuremberg Forum 2019, 18-19 October

2019, second day of conference under the title, addressing impunity through hybrid mechanisms.

12- UN Commission of Inquiry on Syria: ISIS is committing genocide against the Yazidis published on 6/19/2016 by Office of the UN High Commissioner for Human Rights (OHCHR).

13- https://www.hrw.org/ar/news/2019/03/16/328215

14- https://www.icccpi.int//Pages/item.aspx?name=pr1566&ln=Arabi

15- https://www.icty.org/ and https://unictr.irmct.org/



## یاساکان

١- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩.

٢- یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری عێراق ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥.

٣- یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦.

## یاسا بنەڕەتیەکانی دادگاکانی نێودەوڵەتی

یاسای بنەڕەتی دادگای تاوانکاری تایبەت بە یوگوسلاڤیا.

یاسای بنەڕەتی دادگای تاوانکاری تایبەت بە ڕواندا.

یاسای بنەڕەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی.

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

توێژەر لە یاسای نێودەوڵەتی، مافەکانی مرۆڤ و توێژینەوەکانی ئاشتی. شارەزایی لە کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەك ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری یاسایی بە نموونە لە پرۆژەی سەروەری یاسای یەکێتی ئەوروپا ٢٠١٣-٢٠١٦، دامەزراوەی نۆڤا ئاکت لە بەرشەلۆنە ٢٠١١، هیومەن سیکیوریتی کۆلێکتڤ لە هۆڵەندا ٢٠١٦ - ٢٠١٩ و ڕاوێژکاری سەنتەری جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە فرانکفۆرت ٢٠١٨ تاوەکو ئێستا. لە هەمان کات مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە بەشی یاسای زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر ٢٠١٤، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی ٢٠١٥-٢٠٢١، پەیمانگای تەکنیکی سۆران ٢٠١١ و زانکۆی تیشك ٢٠١٧، ساڵانی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٤ نوێنەری لاوان لە شاری نیۆرك لەگەڵ شاندی لاوانی جیهانی بۆ پرسی لاوان و ئاشتی UNOY و کارکردن لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی UN لەسەر بڕیاری ٢٢٥٠، ڕاوێژکاری دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ٢٠١٤-٢٠٢٠ و ئەندامی دەستەی گۆڤاری نێودەوڵەتی بۆ خوێندنی یاسا و سیاسەتەکان لە بەلجیکا ٢٠٢١ تاوەکو ئێستا. چەندین توێژینەوە و ووتار و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی یاسایی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە گۆڤار و ماڵپەڕەکانی کوردستانی و عەرەبی و نێودەوڵەتیەکان بڵاوکراوەتەوە، بەشداربوە لە ئامادەکردنی چەندین پرۆژە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق لەگەڵ کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئێستا ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی داد لە هەرێم.

توێژەر و ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری یاسایی نێودەوڵەتی، مافەکانی، وانەبێژ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، پێشتر ڕاوێژکاری دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئەندامی لێژنەی باڵای حکومەت بۆ پرسی بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعش. چەندین بەرهەمی یاسایی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بڵاوکراوەتەوە، بەشداربووە لە ئامادەکردنی چەندین پرۆژە یاسا بۆ پەرلەمانی کوردستان و عێراق، ئێستا ڕاوێژکاری وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمە.

He is researcher of International Law and Human Rights. Part-time lecturer in different law faculties, previously a senior advisor of Kurdistan Independent Commission for Human Rights and the member of KRG high committee for ISIS crimes documentations. He published researches, in Kurdish, Arabic and English languages at different local and international levels. He contributed to prepare different drafts of legislations for KRI and Iraqi parliament; recently he is Senior Advisor of ministry of justice – KRG.

باحث في مجال القانون الدولي و حقوق الانسان، محاضر في كليات القانون في كوردستان، سابقا شغل منصب المستشار لهيئة المستقلة لحقوق الانسان في كوردستان و عضوا في اللجنة العليا لحكومة الاقليم للتعريف بالابادة الجماعية و توثيق جرائم داعش، لديه بحوث عدة منشورة باللغة الكوردية و العربية و الانجليزية في مواقع المحلية و الدولية و ساهم في اعداد كثير من مسودة قوانين لبرلمان العراق و كوردستان، حاليا مستشار في وزارة العدل لإقليم كوردستان.



# پێرست


دەستپێک ........................................................................ ٧

پێشەکی ........................................................................ ٩

دەروازە: ........................................................................ ١٤

بەشی یەکەم

بژاردەکانی دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش

بژاردەی یەکەم: پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند ........................ ١٩

بژاردەی دووەم: دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC) ........................ ٢٤

بژاردەی سێیەم: دادگای تێکەڵ (ناوخۆیی و نێودەوڵەتی) ........................ ٢٧

بژاردەی چوارەم: دادگای ناوخۆ لەسەر ئاستی (عێراق یان کوردستان) ........................ ٣١

بژاردەی پێنجەم: ( کۆمیتەی گەیشتن بە ڕاستیەکان) ........................ ٣٣

بەشی دووەم

تێڕوانین و ئاراستەی کارکردنی حکومەی عێراق و هەرێمی کوردستان ........................ ٣٥

بەشی سێیەم

گرنگی ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان ........................ ٤١

الملخص ........................................................................ ٤٧

Abstract ........................................................................ ٤٨

سەرچاوەکان: ........................................................................ ٤٩

نووسەر لە چەند دێڕێکدا ........................................................................ ٥٥

## الكتب المطبوعة ضمن هذا المشروع

## Books printed within this project

## پەرتوکێن دڤی پرۆژەیدا هاتینە چاپکرن

## Pertukên divî projeyda hatîne çapkirin

١. كۆچۆ- فەرمانا رەش – رۆمان – حسن ابراهيم ٢٠١٩ .

٢. السبايا – دراسة اجتماعية ميدانية للايزيديات المختطفات .. / رسالة ماجستير : رنا جاسم الشمري 2019.

٣. KOCHO Village- FARIS KETI – 2019.

٤. لالەكانی لالش – رۆمان / كامەران خۆشناو ٢٠١٩ .

٥. عن داعش أحدثكم / حسو هورمي ٢٠١٩ .

٦. تاووسەكانی لالش – شعر / فرەيدون سامان ٢٠١٩ .

٧. Sexual violence by ISIS The case of the Yezidis - Master Thesis Political Science International Relations -Delwin Merani.

٨. ليليت إمرأة من نار – رواية / عباس الزهيري ٢٠١٩ .

٩. شەڤا رەڤينا زينە / محمد گڤارى ٢٠١٩ .

١٠. شەمەندەفرا بايى – چيرۆک / محسن عبد الرحمن ٢٠١٩.

١١. الحماية الجنائية للإيزيديات في التشريع العراقي / رسالة ماجستير: دنيا علوان الاسدي ٢٠٢١.

١٢. ديستوبيا/ شعر: سعيد ذيبان ٢٠٢١.

١٣. من جحيم العبودية إلى معاناة المخيمات / دراسة : رنا جاسم الشمري ٢٠٢١.

١٤. المرأة الإيزيدية والإبادة الجماعية/ حسو هورمي ٢٠٢١ .

١٥. داي شمي ديرو آلام و آمال/ خدر ديرو الخانصوري٢٠٢١.

١٦. من وحي الفرمان الاخير/ قاسم عيدو الهبابي ٢٠٢١.

١٧. ئەوانەی نەگەیشتنە چیا/ بەهرە حەمەڕەش ٢٠٢١.

١٨. هەڵبەست بۆ شەنگال/ فاتح ياسين مودەريس ٢٠٢١.

١٩. تاوانەكانی داعش - لە چوارچێوەی بژاردەكانی دادگایی كردن و گرنگی ئەرشیفكردن دا/ كرمانج یونس عوسمان.